

الْوَجِيزُ

فِي فِقْهِ السُّنَّةِ وَالْكِتَابِ الْعَزِيزِ

بەزمانی کوردی

پوختەی فیقهی شەریعەت

نووسینی
د. عبدالعظیم بن بدوی

وەرگێڕانی
ملا محموودی گەلاڵەیی

١٤٣٤ك

٢٠١٣ز



****

📖 ناوی کتێب: الْوَجِيزُ فِي فِقْهِ السُّنَّةِ وَالْكِتَابِ الْعَزِيزِ

📖 نووسینی: محمود أحمد محمد

📖 چاپی: یەکەم

📖 تیراژ: ٢٠٠٠ دانە

📖 ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (١٢٥٠)ی ساڵی (٢٠١٣ز)ی پێدراوە.

📖 کۆمپیوتەرو دیزاین: (نیان حسین)

📖 لەسەر ئەرکی کتێبخانەی ئارام لەسلێمانی چاپکراوە، مافی چاپکردنەوەی بۆ کتێبخانەی ناوبراوە.

الرموز المستخدمة في التخريج

صحيح البخارى (فتح الباري)......خ	مصف ابن أبي شيبة...... ش
صحيح الإمام مسلم...... م	مسند البزار...... بز
سنن الترمذي...... ت	الطبراني في الأوسط...... طس
سنن النسائي...... ن	الطبراني في الصغير...... طص
سنن ابن ماجه...... جه	مختصر صحيح البخاري...... مختصر خ
سنن أبي داود (عون المعبود)...... د	مختصر صحيح مسلم...... مختصر م
موطأ الإمام مالك...... ط	صحيح سنن الترمذي...... ص.ت
الشافعي (الأم)...... فع	صحيح سنن النسائي...... ص.ن
أحمد (الفتح الرباني)...... حم	صحيح سنن ابن ماجه...... ص.جه
البيهقي...... هق	صحيح سنن أبي داود...... ص.د
الدارقطني...... قط	صحيح الجامع الصغير...... ص.ج
صحيح ابن حبان...... حب	إرواء الغليل في تخريج أحاديث منار السبيل............................ الإرواء
صحيح ابن خزيمة...... خز	أحكام الجنائز...... الجنائز
مستدرك الحاكم...... ك	آداب الزفاف...... الزفاف
سنن الدارمي...... مي	صفة صلاة النبي ﷺ...... صفة الصلاة
الطبراني في الكبير...... طب	تمام المنة في التعليق على فقه السنة.... تمام المنة

* * *

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

شتێکی ئاشکراو بەڵگە نەویستە: کە شەرحکردنو روونکردنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کارێکی پیرۆزو سودبەخشە بۆ دونیاو بۆ قیامەت، خودا بمانکاتە هاوکارو ڕێڕەوی ئەو کاروانە پیرۆزەو توفیقمان بدا بۆ لەگەڵدا ژیانو خەریکبوونو هاوبەشیکردن لەو مەشروعەداو بۆمان بکاتە توێشوی قیامەتو ئەرکو ماندوبوونمان بەطاعەتو خوداپەرستی بۆ حسێب بکا.

هەڵبەتە وەرگێڕانو بەکوردی کردنی فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بۆ ئێمەی کورد زوبان – ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاستو دروست بێ – خزمەتی دینو دونیایە، روونکردنەوەی پایەیەکی گرنگی شەریعەتی ئیسلامە، ئاشنا کردنی نەتەوەی کوردی موسوڵمانە بە فەرمایشتە بەنرخەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دووەم سەرچاوەی شەریعەتن لەدوا قورئان روونکەرەوەی ئایەتەکانی ئەو کەلامە پیرۆزو سەرئاسایەن: کە ئەرکی سەرشانی موسوڵمانە پەیڕەوی ناوەڕۆکیان بکەنو بیانکەنە پەیڕەوو پڕۆگرامی ژیانیان لەهەموو بوارەکاندا. هەڵبەتە کەسێکیش پەیڕەوییان بکا قەت سەری لێ ناشێوێو هەمیشە بەرچاو روونو هیدایەتدراوە، پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەر بێ) داوای لە موسوڵمانان کردووەو فەرمانی پێ کردوون: کە هەموو کات ئەو دوو سەرچاوە پیرۆزە بکەنە چرای رۆشنکەرەوەی ڕێبازی ژیانیانو موژدەی ئەوەشی پێداون کە هەتا ئەوان شوێن ئەو دوو چرا پرشنگدارە بکەون هەرگیز گومڕا نابنو ڕێڕەوی ژیانیان لێ تێك ناچێو بەختەوەری دونیاو قیامەت دەبن. هەر لەم ڕوانگەیەوە کە دەفەرموێ: «ترکت فِيكُمْ شَيْئَيْنِ لَنْ تَضِلُّوا بَعْدَهُمَا كِتَابَ اللَّهِ

وَسُنَّتِي وَلَنْ يَتَفَرَّقَا حَتَّى يَرِدَا عَلَيَّ الْحَوْضَ»: من لەدوای خۆم دوو سەرچاوەم بۆ ئێوە بەجێ هێشتووە هەتا پابەندیان بن سەرتان لێ ناشێوێو گومڕا نابن. ئەو دوو سەرچاوەیەش قورئانو حەدیثەکانمن ئەم دوو سەرچاوە پشتگیری یەکتر دەکەنو لێك جیا نابنەوە هەتا ڕۆژی پەسلآن.

زانیاری فیقهی خۆی لەخۆیدا لەزانستە پیرۆزو بەنرخەکانە، چونکە لەڕێگەی زانینی ئەوەوە دەتوانین عیبادەتو خودای گەورە داپەرستییەکتانمان وا ئەنجام بدەین کە جێگای ڕەزامەندی پەروەردگاربنو هیوامان پێیان بێ کەلێمان قبوڵ دەکرێن. هەڵبەتە گەورەیی و ڕێزو نرخی ئەم زانستە زۆرو زەبەندەنو وەصفی تەواو نابێ، چونکە بریتیە لەچەند حوکمێك لەگەڵ ژیانی موسوڵماندایە لەهەموو قۆناغەکانی ژیانداو لەگشت بوارەکانی ژیاندا چ لەنێوان خۆیو خودادا یان لەنێوان خۆی بەندەکانی خودادا، بەهۆی زانینی فیقهەوە دەزانین چۆن خوداپەرستی دەکەینو چۆن پەیوەندی خۆمان بەخوداوە قایمو پتەو دەکەین، چۆن روکنەکانی ئیسلام بەجێ دێنین هەر لە دەستنوێژو نوێژەوە تا دەگاتە ڕۆژوو زەکاتو حەجو عەمرەو باقی عیبادەتەکانی تر.

هەر بەهۆی زانینی فیقهەوە شارەزای ئەحکامی جیهادو غەزاو عەهدو پەیمانو شەڕو ئاشتی دەبین، هەر بەهۆی زانینی فیقهەوە دەتوانین ڕێگای بەدەستهێنانی ڕزقو ڕۆژی حەلاڵ بدۆزینەوەو خۆمان بپارێزین لە تاوانو ڕێبازە چەوتەکانی پەیداکردنی سامانو دارایی. ئەویش لەڕوانگەی فیقهی مامەڵەکردنەوە چ کڕینو فرۆشتن بێ یان گۆڕینەوەی پارە بێ، یان مامەڵەی ڕیبائامێز بێ..... یان وەقفکردنو وەصیەتکردنو بەخشین بێ.....

هەر بەهۆی ئەم زانستە پیرۆزەوە دەزانین چۆن میرات دابەش بکەین بە ئەوپەڕی عەدالەتو جوانترین یاسا. چۆن ژیانی هاوسەریو خێزانداری

منـدالْ بـەخێوکردنو بەشـێوەیەکی راسـتو دروسـت پـەیڕەو دەکـەینو بەختەوەری بۆ خۆمانو خێزان دابین دەکەین، چۆن تۆڵەی تـاوان لـەتاوانبار وەردەگرین چۆن پارێزگاری لەماڵو عەقڵو ناموسو خوێنو نیشتمان دەکین، چۆن ئاژەڵ سـەردەبڕینو گۆشـتی چ سـەربڕاوێك حەلاڵـەو کامـەیان حەرامـە، نەزرو سوێندو پەیمانو بـەڵێنمان چۆن بـێو چۆن کێشەو نیزاعمـان یـەکالا بکەینو هەر کەسە بەمافی خۆی بگاو ستەمی لێ نەکرێ.

لەسەر ئەم بنەمایە، بەنـدە بەخزمـەت کتێبـی (الـوجيز فـی فقـه الـسنة والكتاب العزيز) گەیشتم بڕیارمدا وەریگێڕم بۆسـەر زمـانی کـوردی، ماوەیـەك خـەریکی بـووم زیـاد لـەنیوەیم تـەواو کـرد، بیـستم برادەرێـك کردویـەتی بەکوردی، وازم لێ نەهێنا، بەلام کە وەرگێڕانەکەی چاپ بوو بینیم ئـیشی مـن لـەهی ئـەو جـوداوازەو بەرهەمەکـەی کاریگـەری سـەلبی ناخاتـە سـەر وەرگێڕانەکەی من بۆیە هاتمەوە سەر کارەکـەمو تـەواوم کـردو لەچاپمدا، جا ئێستا خوێنـەر خـۆی کارەکـەی مـنو ئـەو بـرادەرەش هەڵدەسـەنگێنێو بڕیـار دەدا!

هیوادارم ئەم بەرهەمە وەکوو ئەصڵەکەی خودا بەرەکـەتی تـێ بهـاوێو ڕەواجـی پـێ بـداو بیکاتـە مایـەی قورسـی کـردەوەی چاکەمو سـودی دونیـاو قیامەتمی تێدا بێو بەعەمەلی صاڵح بۆم حساب بکا آمین.

ملا محمودی گەلاڵەیی

٢٠١٢/٨/٢٠

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان
كتاب الطهارة
نامەی پاك‌و خاوێنی

وشـەی (الطّهــارة) لـە زمانەوانیـدا پـاك‌و خـاوێنی‌و خۆپاراسـتنە لـەبێ دەستنوێژی‌و لەشپیسی‌و پیسایی.

لـەزاراوەی شـەرعدا بریتیـە لـەلابردنی بـێ دەسـتنوێژی یـان لابردنـی پیسایی لەسەر جەستەو پۆشاك‌و كاڵای تر.[1]

١- باسی ئاوو حوكمەكانی

هەرئاوێك لەئاسمانەوە ببارێ یـان لـەزەوی بێتـەدەر پاكـەو پاكەوەكـەرە. ئاماژە بە فـەرموودەی پـەروەردگار كـە دەفـەرموێ: {وَأَنزَلْنَـا مِـنَ الـسَّمَاء مَـاء طَهُـــورًا – الفرقـــان/٤٨} ئێمــە لەئاسمانـــەوە ئـــاوێكی پـــاك‌و پاكـــەرەوەمان باراندووە.

هەروا ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسـەر بـێ) كە دەربارەی دەریا فەرموویـەتی: (هو الطهور ماؤه، اَلْحِـلّ میتتـه): دەریـا ئاوەكـەی پاك‌و پاكەوەكەرە، مردارەوەبووشی حەڵاڵە. مردارەوەبـووی ئـاوی تـا نەگـەنێ خواردنی دروستە.

هـەروا ئامـاژە بـە فـەرموودەی پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) دەربارەی ئاوی بیر كە فـەرمووی: (ان الماءَ طهور لایُنَجِّـسّهُ شِـئ). بێگومـان ئـاو پاكەو پاكەوەكەریشە، بەهیچ پیس نابێ.

ئەم پاكی‌و پاكەوەكەریەی بەردەوامە، تەنانەت ئەگەر شتی پاكی تێكەڵ ببێ بەمەرجێ ئاوەكە وای لێ نەیە نەتواندرێ ناوی ئاویـەتی (ئـاوی رووت)ی

---

[1] المجموع شرح المهذب (ج١/٧٩).

پێ بگوترێ. ئەمەیش بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کەئاراستەی ئەو ئافرەتانەی کرد کەخەریکی شۆردنی کچەکەی بوون. ئەوە بوو پێی فەرموون « اغْسِلْنَهَا ثَلاَثًا أَوْ خَمْسًا أَوْ أَكْثَرَ مَنْ ذَلِكَ إِنْ رَأَيْتُنَّ ذَلِكَ بِمَاءٍ وَسِدْرٍ ، وَاجْعَلْنَ فِي الآخِرَةِ كَافُورًا أَوْ شَيْئًا مِنْ كَافُورٍ»:

جەنازەکەی سێ جار بشۆرن، یان پێنج جار، یان ئەگەر ویستتان زیاتر، با شتنەکەتان بەئاوو سیدر بێ، جاری کۆتاییش بەئاوو کافور یان بەکەمێك کافور بێ.

ئەگەر شتێکی پیس تێکەڵ بە ئاو بوو، ئاوەکە بەپیس دانانرێ مەگەر بەهۆی تێکەڵ بوونی ئەو پیسیە ئاوەکە بگۆڕێ. بەڵگەی ئەمەیش ئەو فەرموودەیە: کە ئەبو سەعیدی خودری ریوایەتی کردووە دەڵێ: گوترا: ئەی پێغەمبەری خودا! ئایا ئێمە دروستە بەئاوی بیری (بوضاعە) دەستنوێژ بگرین؟ کەبیرێکە پەڕۆی بێنوێژی ژنان و گۆشتی بەرماوەی سەگ و شتی تری پیس و بۆگەنی فرێ دەدرێتە ناوی. لەوڵامدا فەرمووی: «الْمَاءُ طَهُورٌ لاَ يُنَجِّسُهُ شَيْءٌ». ئەو ئاوە پاکەو پاکەوەکەریشە، چونکە گەیشتۆتە قولەتێن و بەهیچ شتێ پیس نابێ، مەگەر بەشتێك کە تامی یان رەنگی، یان بۆنی بگۆڕێ.

٢- باسی پیسیەکان (باب النجاسات)

ألنجاسات: کۆی وشەی (نجاسە)، ئەمیش بریتییە لەهەر شتێك خاوەنی زەوقی سەلیم بێزی لێ بکاتەوەو خۆی لێ بپارێزێ، هەرکاتێك مرۆڤ جەستەو پۆشاکی شتێکی لەو جۆرەی پێکەوت بیشواو خۆی لێ پاك بکاتەوە، وەکوو پیسایی و میزو ریخ و خوێن و شتی وا[1] .

---

[1] الروضة الندية (ج١/١٢).

ئەصڵو بنەما لەهەموو شتێكدا پاكیو حەلاڵیەتی، كەسێك پێی وابوو شتێك پیسە، دەبێ بەڵگەی هەبێ، جائەگەر بەڵگەی پەسەندی هەبوو ئەوە گوێی لێ دەگیرێ، ئەگەر نەیتوانی بەڵگە بخاتە ڕوو، یان بەڵگەیەكی هێنا كەپەسەند نەبوو حوكمی پێ نەدەچەسپا، ئەوە پێویستە ئێمە كار بەو ئەصڵو بنەمایە بكەین: كەهەموو شتێك لەبنەڕەتدا پاكەو تابەڵگە لەسەر پیسیەكەی نەچەسپێ، بەپاكی بزانین[1].

چونكە بڕیاردان بەپیسی شتێك حوكمێكی تەكلیفیو ئەركێكە دەكەوێتە ئەستۆی ئادەمیزاد بەگشتی، ئەمەیش بەبێ هەبوونی بەڵگەی پەسەندو بەهێز ڕەوا نییە[2].

هەندێ لەو شتانەی بەڵگە هەیە دەربارەی پیسییان

١ - ٢: میزو گوی ئادەمیزاد:

دەلیلی ئەوە: كە گوی ئادەمیزاد پیسە، ئەو فەرموودەیە كە ئەبوهورەیرە لە پێغەمبەرەوە (دروودی خودای لەسەر بێ) گێڕاویەتەوە: كە فەرموویەتی: «إِذَا وَطِئَ أَحَدُكُمْ بِنَعْلَيْهِ الأَذَى فَإِنَّ التُّرَابَ لَهُ طَهُورٌ»[3].

وشەی (الأَذَى) بریتییە لەهەرشتێك ئەزیەتت پێ بگەیەنێ: لەپیساییو بەردو چقڵو شتی وا. لە فەرموودەكەدا مەبەست لێی پیسیە.

بەڵگە لەسەرئەوە میز پیسە ئەو فەرموودەیە كە ئەنەس دەیگێڕێتەوەو دەڵێ: عەرەبێكی دەشتەكی هاتە ناو مزگەوتی مەدینە بە بەرچاوی پێغەمبەرو هاوەڵانیەوە لەسوچێكی مزگەوتەكەدا میزی كرد،

---

(١) السيل الجرار ج١/٣١.

(٢) صحيح {ص. د - ٨٣٤} والروضة الندية ج١/١٥.

(٣) صحيح {ص. د - ٨٣٤} د ج٢/٤٧ و ٣٨١.

هەندێ کەس بۆی چوون و دەنگیان دا، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «دَعُوهُ وَلاَ تُزْرِمُوهُ». لێی گەڕێن میز کردنەکەی لێ تێک مەدەن، دەڵێ: کە لێ بۆوە، داوای دۆلکە ئاوێکی کردو بەشوێنی میزەکەیدا کرد[1].

٣ — ٤: مەذی و وەدیی:

مەذیی: ئاوێکی سپی روونی لینجە، لەکاتی وروژاندنی شەهوەت دێتە دەر، نە لەززەتی لێ پەیدا دەبێ نە بەفیچقە دەردەچێ، دوای هاتنە دەرەوەیشی کپ بوونەوەو ماندوویی بەدوا نایە، وادەبێ هەست بەهاتنە دەرەوەیشی ناکرێ. ئەم حاڵەتە بۆ پیاوو ئافرەت دێتە دی.[2] ئەم مادەیە پیسە، بۆیە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی کردووە بەشتنی ذەکەر لەئاکامی هاتنە دەرەوەی ئەو مادەیە لێی.

لە ئیمامی عەلییەوە ریوایەت کراوە، دەڵێ: من پیاوێکی وابووم بەزۆری مادەی (مەذی)م دەهاتە دەر، شەرمیشم دەکرد لەم بارەوە پرسیار لە پێغەمبەر بکەم (دروودی خودای لەسەر بێ) چونکە فاطیمەی کچی خێزانم بوو، بۆیە داوام لە (المقداد)ی کوڕی (الأسود) کرد ئەو بۆم پرسیار بکا، کەپرسیاری عەرز کردبوو فەرموو بوی «يَغْسِلُ ذَكَرَهُ وَيَتَوَضَّأُ».[3] هەرکاتێ ئەو جۆرە حاڵەتەی بینی با ذەکەری خۆی بشواو دەستنوێژ بگرێ.

وەدیی: ئاوێکی سپی خەستەو دوای میزکردن دێتەدەر[4] ئەم مادەیە پیسە.

---

[1] متفق عليه {م — ٢٣٦/١ و ٢٨٤ واللفظ له {خ — ١٣٢/٢٣٢/١}.

[2] شەرحی مسلم ج٣/٢١٣.

[3] متفق عليه. {م ١/٢٤٧/٣٠٣} واللفظ له. خ/١٠/٤٤٩/٦٠٢٧.

[4] فقة السنة/١/٢٤.

لەئیبنو عەباسەوە ریوایەتکراوە: کە دەربارەی (مەنی‌و وەدی‌و مەذی) وتوویەتی: هاتنە دەرەوەی مەنی دەبێتە هۆی پێویستبوونی غوسڵ. وەدی‌و مەذی هەرکاتێك لێت هاتنەدەر زەکەرت بشۆرەو دەستنوێژ بگرە وەکوو دەستنوێژگرتنت بۆ نوێژ.[١]

٥- زبڵ‌و پیسایی هەر ئاژەڵێك: کە گۆشتی نەخورێ:

لە عەبدوڵڵاوە ریوایەتکراوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ویستی سەرئاو بکا، فەرمووی: (سێ بەردم بۆ پەیدا بکە) منیش دوو بەردو تەرسەقولێکم دەست کەوت، کە دامنە دەستی دوو بەردەکەی هەڵگرت‌و تەرسەقولەکەی فڕێداو فەرمووی: {هی رجس}. ئەوە واتە: تەرسەقول پیسە.

٦- خوێنی بێنوێژی ئافرەت (دم الحیض):

لە ئەسمائی کچی ئەبوبەکرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: ئافرەتێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) عەرزی کرد: یەکێك لەئێمە خوێنی بێنوێژی بە پۆشاکی خۆیەوە دەبینێ چی بکات باشە؟؟

لە وەڵامدا فەرمووی: «تَحُتُّهُ، ثُمَّ تَقْرُصُهُ بِالْمَاءِ، وَتَنْضَحُهُ وَتُصَلِّي فِيهِ». ئەو بەشە پۆشاکەی خوێنەکەی تێوە چووە بیوڵەو ئەمجار بیکرێنەو پاشان ئاوی پێدا بکەو بیگوشە پاشان نوێژ بەو پۆشاکەوە بکە.[٢]

٧- لیکی سەگ:

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «طُهُورُ إِنَاءِ أَحَدِكُمْ إِذَا وَلَغَ فِيهِ الْكَلْبُ أَنْ يَغْسِلَهُ سَبْعَ مَرَّاتٍ أُولاَهُنَّ بِالتُّرَابِ». شێوەی پاککردنەوەی قاپ‌و قاچاغی یەکێك لەئێوە

---

[١] صحیح: {ص. د - ١٩٠} هق/١/١١٥.

[٢] متفق علیه: {م/٢٩١/١/٢٤٠ واللفظ له. خ/٣٠٧/١/٤١٠}.

ئەگەر سەگ دەمی تێخست، ئەوە بە حەوت جار ئاوی تێڕا درێ، جارێکیان بەقوڕاو گڵاوی لێ دەربکرێ.

٨- مردارەوە بوو:

ئاژەڵو پەلەوەرێکە بەبێ سەربڕینی شەرعی گیانی دەرچووبێ، ئاماژە بەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: «إِذَا دُبِغَ الإِهَابُ فَقَدْ طَهُرَ».[1] پێستی مردارەوە بوو: کە دەباغ کرا پاك دەبێتەوە. واتە: مردارەوە بوو هەمووی پیسە بەڵام پێستەکەی بەهۆی دەباغەوە پاك دەبێتەوە. چەند جۆرێك لەو شتە پیسانە جەرت دەکرێ.

١- ماسیو کوللەی گیاندەرچوو خواردنیان حەڵاڵەو پیس نین. ئەمەش بەپێی ئەو فەرموودەیەی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ریوایەتی کردووە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «أُحِلَّتْ لَنَا مَيْتَتَانِ وَدَمَانِ فَأَمَّا الْمَيْتَتَانِ فَالْحُوتُ وَالْجَرَادُ وَأَمَّا الدَّمَانِ فَالْكَبِدُ وَالطِّحَالُ».[2] واتە: بۆ ئێمە دووجۆر مردارەوە بوو دوو خوێن حەڵاڵ کراوە، دوو مردارەوەبووەکان ماسیو کوللەیە، دوو خوێنەکانیش جەرگو سپڵە.

٢- گیاندارێك خوێنی رەوانی نەبێ بەمردوویی پاکە، وەکوو مێشو مێرولەو هەنگو ئەو جۆرە شتانە.

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِذَا وَقَعَ الذُّبَابُ فِي شَرَابِ أَحَدِكُمْ فَلْيَغْمِسْهُ ، فَإِنَّ فِي إِحْدَى جَنَاحَيْهِ دَاءً وَفِي الأُخْرَى شِفَاءً»[3] هەرکاتێك مێش کەوتە ناو قاپو

[1] صحيح {ص. ج ٥١١} م (٢٧٩ – ٩١ – ١/٢٣١).

[2] صحيح {ص. ج٢١٠} صم (١/٢٥٥/٩٦) هق (١/٢٥٤).

[3] صحيح {ص. ج ٨٣٧}، خ (٥٧٨٢)، جه (٢/١١٥٩/٣٥٠٥).

قاچاغی ئێوەوەو شلەمەنییان تێدابوو، با بەتەواوی مێشەکە لەشلەمەنی ناو قاپەکەدا نقوم بکاو پاشان دەری بێنێ و فڕێی بدا، چونکە لەباڵێکیدا دەرد هەیەو لەباڵەکەی تریدا شیفا هەیە.

٣- ئێسقانی مردارەوە بوو، شاخەکانی، نینۆکی مووکوڵکی و پەڕوپۆلی، هەموو ئەمانە پاکن، ئەمەیش بەپێ داگرتن لەسەر ئەوە بنەمایە کە ئەصڵ تێیاندا پاکیە ئاماژە بەو فەرموودەیەی بوخاری بەشێوەی تەعلیق ریوایەتی کردووە، دەڵێ: ئیمامی زوهری دەربارەی حوکمی ئێسقانی مردارەوەبوو نمونەی ئێسقانی فیل و شتی وا، فەرموویەتی: کەسانێکم لەعولەمای سەلەف دیوە، ئەو جۆرە ئێسقانانەیان بەکار هێناوە بۆ بەشانەکردنی قژی سەرو ریش و رۆن تێدا هەلگرتنی و هیچ خراپەیەکیان تێدا نەبینیوە. حەمماد فەرموویەتی: پەڕوپولی باڵندە هیچ پیسیەکی تێدا نابینم.

چۆنیەتی پاککردنەوەی شتی پیس بوو

پێویستە بزانین: کەدانەری شەرع (شارع) بەئێمەی زانادووە ئەم شتە خودی خۆی پیسە، یان بۆخۆی پاکەو پیس بووە، ئەمجار فێری کردووین چۆن شتی پاکی پیس بوو پاك بکەینەوە، ئەرکی سەرشانی ئێمەیە بەپێی ئەو دەستوورو فەرمانانە، خۆمان لەشتە پیسەکان دووربخەینەوەو شتە پیس بووەکان بەو شێوەی بۆمان دیاری کراوە پاکیان بکەینەوە. ئەوەی فەرمانی پێ کردووین بەشتن بیشۆین تا رەنگی یان بۆنی یان تامی پیسیەکەی دەڕوا ئەوە پاکبوونەوەیەتی. ئەوەی پێمان دەڵێ: ئاوی پێدا بکەن یان ئاوی لێ بڕشێنن یان بیوڵن و بیکرێنن یان مەسحکردنی بەزەوی یان رۆیشتنی بەناو زەوی پاکدا ئەوە پاکبوونەوەیەتی پابەندی بین و بڕوامان پێی هەبێ.

بزانە ئاو هۆکارێك و بنەمایەکی سەرەکییە بۆ پاککردنەوەی شتە پیسبووەکان، چونکە شاریع وەصفی ئاوی بەوە کردووە کە پاکژکەرەوەیە،

دەفـەرموێ: « خَلَـقَ اللهُ الْمَـاءَ طُهُـوراً »[1] لـەم ئەصـڵو بنەمایـە لانـادەین بـۆ شـتێکی تـر مەگـەر لەلایـەن شـارعەوە شـتێکی تـر دیـاری بکـرێ، ئـەگینا نـا. چونکە ئەگەر وا رەفتار نەکەین ئێمە لاماندواوە لەشتێکەوە کە پاکژکردنـەوە پێی ئاشکراو روونـە – بـۆ شـتێك کەنازانـدرێ ئـاخۆ پاکژکردنەوەیـە یـان نـا، ئەمەش لادانە لەو رەفتارو ئاکارانەی رێبازە شەرعییەکان داخوازنی.[2]

جـا کـەتۆ ئەمـەت زانـی، ئـەمجار بـا ئـەو رێبـازو رەفتارانـەت پـێ بڵـێم: کەشـەرع دایـنـاوە بـۆ چـۆنیەتی پاککردنـەوەی شـتی پـیس بـوو یـاخود پـیس. (نجس العین).

١- پاککردنەوەی پێستی مردارەوە بوو بە دەباغ کردن بێ:

لەئیبنو عەبباسـەوە ریوایـەتکراوە، دەفـەرموێ: لـە پێغەمبـەرم (دروودی خودای لەسەر بێ) ژنەوت دەیفەرموو: « أَيُّمَا إِهَـابٍ دُبِـغَ فَقَـدْ طَهُـرَ ».[3] هـەر پێستی مردارەوەبوێك دەباغ کرا پاك دەبێتەوە.

٢- پاککردنەوەی قاپو قاچاغ کە سەگ دەمی تێخست:

لـە ئـەبو هـورەیرەوە ریوایـەت کـراوە: کـە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسەر بێ) فەرموویـەتی: «طُهُورُ إِنَاءِ أَحَدِكُمْ إِذَا وَلَغَ فِيهِ الْكَلْبُ أَنْ يَغْسِلَهُ سَبْعَ مَرَّاتٍ أُولاَهُنَّ بِالتُّرَابِ». [4] شێوەی پاککردنەوەی قاپو قاچاغی یەکێك لەئێوە

---

[1] _ [2] السبل الجرار/٤٢، ١/٤٨ بەدەست لێدانـەوە، پێویـستە ئـەوەش بزانـدرێ کـە رسـتەی (خَلَـقَ اللهُ المَـاءَ طَهُـوراً)، الحـافظ لـە کتێبـی (التلخـیص ١/١٤)دا دەفـەرموێ: بـەو شـێوازە دەستم نەکەوتووە، لەو فەرمودەیەی ئەبو سەعید ریوایەتی کردوەو لەپێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد دەقەکە ئاوایە: (ان الماءَ طهور لايُنَجِسُهُ شيٌ).

[3] صحيح {ص. جه ٢٩٠٧} حم ١/٢٣٠/٤٩، ت ٣/١٣٥/١٧٨٣، جه ٢٢/١١٩٣/٣٦٠٩ ن ٧/١٧٣.

[4] صحيح: لەوە پێش تەخریج کرا.

كە سەگ دەمی تێخست ئەوەیە: کە حەوت جار بیشوا، یەکەمجاریان بەقوڕاو بێ.

٣- پاککردنەوەی پۆشاک ئەگەر خوێنی بێنوێژی وێکەوت:

لەئەسمائی کچی ئەبوبەکرەوە ریوایەتکراوە دەڵێ: ئافرەتێک هاتە خزمەتی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) عەرزی کرد قوربان! یەکێک لەئێمە پۆشاکەکەی خوێنی بێنوێژی رێدەکەوێ، چۆنی پاك بکاتەوە؟ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەوەڵامدا فەرمووی: «تَحُتُّهُ ، ثُمَّ تَقْرُصُهُ بِالْمَاءِ ، وَتَنْضَحُهُ وَتُصَلِّي فِيهِ».[1] بیپروێنە پاشان تەڕی بکەو بیکرپێنە ئەمجار بەئاو بیشۆ، پاشان نوێژی پێوە بکە، ئەگەر دوای ئەم پرواندن‌و کرپاندن‌و لەئاو هەڵکێشانە تارماییو ئەثەرێکی پێوە ما قەیناکا.

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەت کراوە دەڵێ: خەولەی کچی یەسار عەرزی پێغەمبەری کرد، وتی: قوربان من تەنها یەك کراسم هەیە، بەو کراسەوە دەکەومە بێنوێژییەوە، هەڵبەتە هەندێ لەکراسەکەم خوێناوی دەبێ. چی بکەم باشە؟ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «فَإِذَا طَهُرْتِ فَاغْسِلِي مَوْضِعَ الدَّمِ ثُمَّ صَلِّي فِيهِ »: ئەگەر لەبێنوێژی پاکبویتەوە، ئەو شوێنەی لە پۆشاکەکە خوێنی بێنوێژییەکەیەتی پێوەیە بیشۆرە، پاشان دەتوانی نوێژ لەو پۆشاکەدا بکەی. خەولە وتی ئەی پێغەمبەری خودا! ئەگەر بەو شێوە پاککردنەوە ئەثەری خوێنەکە لانەچوو؟ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « يَكْفِيكِ الْمَاءُ وَلاَ يَضُرُّكِ أَثَرُهُ ».[2] ئەو شێوە شتنە ئەنجام بدەو لەئاوی هەڵکێشە، مانەوەی ئەسەرەکەی زیانت پێ ناگەیەنێ.

---

[1] صحيح {ص. جه ٢٩٠٧} حم/٤٩/٢٣٠/١، ت/١٧٨٢/١٣٥/٣ جه (٣٦٠٩/١١٩٣/٢، ن١٧٣/٧).

[2] {ص. د ٣٥١} و {٣٦١/٢٦/٢} هق (٤٠٨/٢).

٤- پاككردنەوەی داوێنی پۆشاكی ئافرەت:

لـە ئوممـو وەلـەدی ئیبراهیمـی كـوڕی عەبـدوڕەحمانی كـوڕی عـەوف ریوایـەتكراوە: كەپرسـیاری لـەئوممو سـەلەمە (خێزانـی پێغەمبـەر) كـردووە وتوویەتی: من ئـافرەتێكم داوێنی كراسـەكەم درێـژ دەكـەم، بەشـوێنی پـیس و پۆخەڵدا تێدەپەڕم، داوێنی كراسەكەم لەشتی پیس دەكەوێ و پیس دەبێ چی بكـەم؟ ئوممـو سـەلەمە فـەرمووی: پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) فەرمووی: « يُطَهِّـرُهُ مَـا بَعْـدَهُ ».[1] كـەدوایی بەشـوێنی پاكـدا دەڕۆی و داوێنـت لەزەوی پاك دەخشێ ئەوە پاكی دەكاتەوە.

٥- پاككردنەوەی پۆشاك لەمیزی منداڵی شیرەخۆرە:

لە ئەبو سەمحەوە (خزمەتچی؛ پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) ریوایەتكراوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « يُغْسَلُ مِنْ بَوْلِ الْجَارِيَةِ وَيُرَشُّ مِنْ بَـوْلِ الْغُـلاَمِ ».[2] پۆشـاكێك بـەمیزی كچۆڵەی سـاوا پیس ببێ دەبێ بشۆرێ، ئەگەر بەمیزی منداڵی ساوای نێرینە پیس بوو بەئاو لێ پرژاندن پاك دەبێتەوە.

٦- پاككردنەوەی پۆشاك لە (مەذی):

لەسـەهلی كـوڕی حونەیفـەوە ریوایـەتكراوە دەڵـێ: مـن زۆر بەدەسـت (مەذی)یەوە نارەحەت بووم (مەذی هاتنەوەم زۆر بوو) لە ئاكامی ئـەو مـەذی هاتنەوەم زوو زوو غوسڵم لەخۆم دەردەكرد، ئـەم حاڵەی خـۆم بـۆ پێغەمبـەر (درودی خودای لەسەر بێ) بـاس كـرد، فـەرمووی: « إِنَّمَـا يُجْزِيـكَ مِـنْ ذَلِـكَ الْوُضُوءُ ». بـە مـەذی هاتنـەوە غوسـڵ واجب نابـێ، بـەڵكوو دەسـتنوێژ بـەتاڵ دەبێتەوە، هەر دەستنوێژ بگرەوە بەستە. سەهل دەڵێ: وتم: ئەی پێغەمبەری

---

[1] صحيح {ص. جه/٤٣٠} ط (٢٧/٤٤)، ت (١٤٣/ ١/٩٥) جه ١/١٧٧/٥٣١.

[2] صحيح {ص. ن ٢٩٣}، د (٢/٣٦/٣٧٢) ن (١/١٥٨).

خـودا! ئـەی چۆن‌و بەچـی ئـەو بەشـەی (مـەذی)یەکـەی وێکـەوتووە پـاکی بکەمەوە؟ پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فـەرمووی: «يَكْفِيكَ أَنْ تَأْخُذَ كَفًّا مِنْ مَاءٍ فَتَنْضَحَ بِهِ ثَوْبَكَ حَيْثُ تَرَى أَنَّهُ أَصَابَ مِنْهُ».[1] هەر ئەوەندەت بەسـە لوێـچێك ئـاو هـەڵبگریو نـافۆکی خـۆتی پـێ بڕشـێنی، ئـەو شـوێنەی گومانـت لێیەتی (مەذی)یەکەتی وێکەوتووە ئاوی لێ بڕشێنی.

٧- پاککردنەوەی بنکی نەعل‌و پێڵاو:

لە ئەبو سـەعیدەوە (ڕەزای خـودای لێ بـێ) ڕیوایـەتکراوە: کە پێغەمبەر فەرمووی: «إِذَا جَاءَ أَحَدُكُمْ إِلَى الْمَسْجِدِ فَلْيَنْظُرْ فَإِنْ رَأَى فِي نَعْلَيْـهِ قَـذَرًا أَوْ أَذًى فَلْيَمْسَحْهُ وَلْيُصَلِّ فِيهِمَا».[2] هەرکاتێك یەکێك لەئێوە هات بۆ مزگـەوت ڕوانـی بە نەعل‌و پێڵاوەکانی‌یەوە پیسایی‌یەك هەیـە بـا لەشـتێکی بخشێنێ (لـەزەوی بخشێنێ) ئەمجار نوێژەکەی پێیانەوە بکا.

٨- پاککردنەوەی زەوی پیس بوو:

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: عـەرەبێکی دەشـتەکی هاتـە نـاو مزگەوتـەوەو چـوو لـە سوچـێکەوە میـزی کـرد، هـاوەڵان بـۆی ڕاپـسکوتن‌و دەنگیاندا، پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بـێ) فـەرمووی: (دعـوە) وازی لێ بێنن میزکردنەکەی لێ تێك مەدەن «دَعُوهُ وَهَرِيقُوا عَلَى بَوْلِهِ سَجْلاً مِـنْ مَـاءٍ ، أَوْ ذَنُوبًا مِنْ مَاءٍ ، فَإِنَّمَـا بُعِثْـتُمْ مُيَـسِّرِينَ ، وَلَـمْ تُبْعَثُـوا مُعَـسِّرِينَ».[3] کە کابرای عەرەب لەمیزکردنەکەی بووەوە پێغەمبەر بەهاوەڵانی فەرموو: دۆلکـەیێ ئـاو

---

[1] حسن {ص. جه ٤٠٩}، دەفەرموێ: (١/٣٨٥/٢٠٧)، ت (١/٧٦/١١٥)، جة(١/١٦٩/٥٠٦).

[2] صحيح: {ص. د ٦٠٥}، د (٢/٣٥٣/٦٣٦).

[3] متفق عليـه (الإرواء/١٧١) خ (١/٣٢٣/٢٢٠)، ن(٤٨ – ١/٤٩) ورواه مطولاً: د(٢/٣٩/٣٧٦)، ت (١/٩٩/١٤٧/٠).

مەسینەیەك ئاو بەسەر میزەكەیدا بكەن، ئێوە پێویستە ئاسانكاری رەچاو بكەن، داوای ئەوەتان لێ نەكراوە شت قورس بكەن پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بۆیە فەرمانی بەهاوەڵانی كرد ئاو بەسەر میزەكەدا بكەن تا بەزوترین كات شوێنەكە پاك ببێتەوە. ئەگینا ئەگەر وازیان لێ بهێنایە تا شوێنەكە وشك دەبوەوە ئەثەری پیسیەكەی نەدەما شوێنەكە پاك دەبوەوە، ئەمەش بەپێی حەدیثەكەی ئیبنو عومەر (رەزای خودای لێ بێ) كە دەفەرموێ: (كَانَتِ الْكِلاَبُ تَبُولُ فِي الْمَسْجِدِ وَتُقْبِلُ وَتُدْبِرُ زَمَانِ رَسُولِ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) فَلَمْ يَكُونُوا يَرُشُّونَ شَيْئًا)[1] لەسەردەمی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێ) سەگەل لەناو مزگەوتا میزیان دەكردو هاوەڵان ئاویان بەشوێنی میزكردنەكەدا نەدەكردو ئاوڕشێنی شوێنەكەیان نەدەكرد. ئاشكراشە ئەگەر پیسیەكە لەو جێگە بمایەتەوە ئاوپێداكردنی واجب دەبوو.

هەركاتێ زبڵو زیخو مردارەوەبوو سوتێندراو بوو بەخۆڵەمێشو گڵ ئەوە پاكەو پیسی پێوە نامێنێ، بەڵگەی ئەوە دەڵێن: حوكمەكان بەگوێرەی ئەو بڕیارەیە كە خودا دەربارەیان چەسپاندویەتیو ناوی بۆ داناونو بەشێوەی خیطاب بەئێمەی گەیاندوە. هەركاتێ ئەو ناوەی لێ داڕندراو ناوێكی تری بۆ پەیدا بوو، حوكمەكەی پێشووی نامێنێ، جودایە لەو شتەی خودا حوكمی تێدا بڕیارداوە، زبڵو زاڵ جوداوازە لەگڵ، مردارەوەبوو جوداوازە لەگڵ.[2] كەوابوو لەگەڵ گۆڕانی ناوەكەیان حوكمەكەشیان دەگۆڕێ، ئەمە ڕای پەسەندكراوە بەلای ئیبنو تەیمییەو وتوویەتی: ئەمە ڕێبازو مەزهەبی ئەبو حەنیفەیەو رایەكی ئیمامی مالیكو ریوایەتێكە لەئیمام ئەحمەد.[3]

---

[1] صحيح {ص. د ٣٦٨} خ تعليقا (١/٢٧٨/١٧٤)، د (٢/٤٢/٣٧٨).

[2] المحلى لابن حزم ١/١٢٨/١٢.

[3] مجموع الفتاوى ج ٢١/٧٠ و ٤٧٨ و ٤٨٢.

سونەنی فیترەت

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «خَمْسٌ مِنَ الْفِطْرَةِ: الِاسْتِحْدَادُ وَالْخِتَانُ وَقَصُّ الشَّارِبِ وَنَتْفُ الإِبْطِ وَتَقْلِيمُ الأَظْفَارِ».[1] پێنج ئاکارو رەفتار لەسروشتو فیترەتن‌و کاری باشن، لابردنی مووی خوار ناوك، خەتەنە، سمێڵ کورتکردنەوە، هەڵکەندنی مووی بن هەنگڵ، نینۆك کردن.

لەزەکەرییای کوڕی ئەبو زائیدە ئەویش لەموصعەبی کوڕی شەیبەوە ئەویش لەطەلقی کوڕی حەبیبەوە، ئەویش لەئیبنو زوبەیدەوە لەخاتو عائیشەوە ریوایەتکراوە فەرموویەتی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «عَشْرٌ مِنَ الْفِطْرَةِ: قَصُّ الشَّارِبِ وَإِعْفَاءُ اللِّحْيَةِ وَالسِّوَاكُ وَالِاسْتِنْشَاقُ بِالْمَاءِ وَقَصُّ الأَظْفَارِ وَغَسْلُ الْبَرَاجِمِ وَنَتْفُ الإِبِطِ وَحَلْقُ الْعَانَةِ وَانْتِقَاصُ الْمَاءِ». يَعْنِي الِاسْتِنْجَاءَ بِالْمَاءِ.[2] زەکەرییا دەڵێ: موصعەب وتی دەیەمم لەبیر نەماوە، مەگەر ئاو لەدەم وەردان بێ.

خەتەنەکردن

خەتەنە واجبە بۆ کوڕو بۆ کچ، چونکە شەعیرەو دابو نەریتێکی ئیسلامە، ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە بە کابرایەکی تازە موسوڵمانبووی فەرموو: «أَلْقِ عَنْكَ شَعْرَ الْكُفْرِ وَاخْتَتِنْ».[3] کوڵك‌و توکی کوفر لەخۆت بکەرەوەو خۆت خەتەنە بکە.

---

[1] متفق عليه خ(١٠/٣٣٤/٥٨٨٩) م(١/٢٢١/٢٥٧) د(١١/٢٥٢/٤١٨٠) ت(٢٩٠٥/٤/١٨٤) ن(١/١٤)، جة(١/١٠٧/٢٩٢).

[2] حسن{مختصر م ١٨٢}، م(١/٢٢٣/٢٦١)و(١/٧٩/٥٢)ت(٢٩٠٦/١٨٤/٤) ن(١٣٦/٨).

[3] حسن: {ص. ج ١٢٥١}، د (٢/٢٠/٣٥٢)، هق (١/١٧٢).

خەتەنە دەستورو داب‌و نەریتی ئایینی حەزرەتی ئیبراهیمە، لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «اخْتَتَنَ إِبْرَاهِيمُ خَلِيلُ الرَّحْمَنِ بَعْدَ مَا أَتَتْ عَلَيْهِ ثَمَانُونَ سَنَةً وَاخْتَتَنَ بِالْقَدُومِ». [(١)] حەزرەتی ئیبراهیم کە نازناوی (خلیل الرحمن)ە دوای تەمەنی هەشتا ساڵ خۆی خەتەنە کرد. بێگومان پەروەردگار بە پێغەمبەری خۆی دەفەرموێ: {ثُمَّ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ أَنِ اتَّبِعْ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا – النحل/١٢٣}. ئەمجار نیگامان بۆ تۆ کرد ئەی پێغەمبەر کەشوێن ئایینی ئیبراهیم بکەوە ئاینێکی پاک‌و بێ خەوشە.

واباشە خەتەنە لەڕۆژی حەوتەمی لەدایکبووندا ئەنجام بدرێ، ئاماژە بەحەدیثی جابیر کە دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بۆ حەسەن‌و حوسەین رۆژی حەوتەمی لەدایکبوونیان حەوتووی بۆ کردن‌و خەتەنەشی کردن[(٢)].

لەئیبنو عەبباسەوە ریوایەتکراوە: کە فەرموویەتی: حەوت شت لەسوننەتی پێغەمبەرە (دروودی خودای لەسەر بێ) دەربارەی منداڵ لەڕۆژی حەوتەمی لەدایکبوونیدا، ناوی لێ بنرێ، خەتەنە بکرێ.[(٣)]... هتد.

ئەو دوو حەدیثە، هەرچەندە هەردووکیان لاوازییان تێدایە، بەڵام هەریەکەیان ئەویتر بەهێز دەکا، چونکە مەخرەج‌و زنجیرەی سەنەدەکەیان جوداوازە، لەهیچ کام لەزنجیرەی سەنەدەکانیاندا راوی تۆمەتباریان تێدا نیە.[(٤)]

---

(١) متفق عليه: خ (٦٢٩٨/٨٨/١١)، م (٢٣٧٠).

(٢) طص (٢/١٣٢/٨٩١) {تمام المنة ٦٨}.

(٣) طس: (١/٣٣٤/٥٦٢) (تمام المنة/٦٨).

(٤) تمام المنة/٦٨.

ریش هێشتنەوە

ریش هێشتنەوە واجبە، تاشینی حەرامە، چونکە گۆڕینی دروستکراوی پەروەردگارە. ئەوە کارێکی شەیتانەو جێبەجێ کردنی ویستی ئەوە، کە دەڵێ: {وَلَآمُرَنَّهُمْ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ اللّهِ – النساء/١١٩}. لەلایەکی ترەوە تاشینی ریش خۆ شوبهاندنە بەئافرەت. لەکاتێکدا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەفرینی لەو پیاوانە کردووە کەخۆیان وا لێ دەکەن لەئافرەت بچن.[1]

لەهەمان کاتدا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی کردووە بەریش هێشتنەوە، ئاشکراشە فەرمان بۆ وجوبەو پێویستی دەگەیەنێ.

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «جُزُّوا الشَّوَارِبَ، وَأَرْخُوا اللِّحَى، خَالِفُوا الْمَجُوسَ».[2] سمێڵ کورت بکەنەوە، ریش بهێڵنەوە، پێچەوانەی ئاگرپەرستەکان هەڵسوکەوت بکەن.

لەئیبنو عومەرەوە ریوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «خَالِفُوا الْمُشْرِكِينَ ، وَفِّرُوا اللِّحَى ، وَأَحْفُوا الشَّوَارِبَ».[3] پێچەوانەی بتپەرستەکان هەڵسوکەوت بکەن، ریش بهێڵنەوە سمێڵ کورت بکەنەوە.

سیواك

سیواك هەموو کاتێك سوننەتە، لەهەندێ کاتدا پتر سوننەتە.

١- لەکاتی دەستنوێژ شتندا:

---

[1] صحيح: {ص. ج ٥١٠٠}، خ ١٠/٣٣٢/٥٨٨٥)، ت ٢٩٣٥/٤/١٩٤).

[2] صحيح: {مختصر م ١٨١}، م (١/٢٢٢/٢٦٠).

[3] متفق عليه (١٠/٣٤٩/٥٨٩٢)، م (٢٥٩ – ٥٤ – ١/٢٢٢).

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لَوْلاَ أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي لأَمَرْتُهُمْ بِالسِّوَاكِ مَعَ الْوُضُوءِ».[1] ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە ئەرك و زەحمەتی زۆر دەكەوتە سەر ئوممەتەكەم فەرمانم پێ دەكردن بەوە كە لەگەڵ هەموو دەستنوێژێكدا سیواك بكەن.

٢- لەكاتی هەڵسان بۆ نوێژكردن:

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتكراوە كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لَوْلاَ أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي لأَمَرْتُهُمْ بِالسِّوَاكِ عِنْدَ كُلِّ صَلاَةٍ».[2] ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە دەبووە بارگرانیو ئەركی زۆر بەسەر ئوممەتەكەمەوە، فەرمانم پێ دەكردن كە لەگەڵ هەموو نوێژێكدا سیواك بكەن.

٣- لەكاتی دەستكردن بەخوێندنی قورئان:

لەئیمامی عەلیەوە ریوایەتكراوە دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی پێ كردین بەسیواك كردنو فەرمووی: «إِنَّ الْعَبْدَ إِذَا قَامَ يُصَلِّي أَتَاهُ الْمَلَكُ فَقَامَ خَلْفَهُ يَسْتَمِعُ الْقُرْآنَ وَيَدْنُو، فَلاَ يَزَالُ يَسْتَمِعُ وَيَدْنُو حَتَّى يَضَعَ فَاهُ عَلَى فِيهِ، فَلاَ يَقْرَأُ آيَةً إِلاَّ كَانَتْ فِي جَوْفِ الْمَلَكِ».[3] هەركاتێ بەندەی موسوڵمان هەڵسا بۆ نوێژكردنو نوێژی دابەست، فریشتەیەك دێتەلایو لەدواوەی ڕادەوەستێ، گوێ لەقورئان خوێندنی دەگرێو لێی نزیك دەبێتەوە، بەردەوام گوێی لێ دەگرێو لێی نزیك دەبێتەوە، هەتا وای لێ دێ دەم دەخاتە

---

[1] صحيح: {ص ج ٥٣١٦}، حم (١٧١/٢٩٤/١).

[2] متفق عليه: م (٢٥٢/٢٢٠/١)، خ ٨٨٧/٣٧٤/٢) ، ت (٢٢/١٨/١). وەلێ دەقی بوخاری لەجیاتی {عند كل صلاة}، {مع كل صلاة}.

[3] صحيح لغيره: {الصحيحة ١٢١٣} هق (١/٣٨).

سەر دەمی قورئانخوێنەکە، ئیتر وای لێ دێ هەر ئایەتێك بخوێنێ لەناو دەمی فریشتەکەدا دەیخوێنێ.

٤- لەکاتی چوونەوە بۆ ماڵو چوونە ژوورەوە:

لەمیقدامی کوڕی شورەیح ئەویش لەباوکیەوە ریوایەت دەکا کە دەڵێ: پرسیارم لەخاتوو عائیشە کرد وتم: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەگەڕایەوە بۆ ماڵو دەهاتە ژوورەوە بەچی دەستی پێ دەکرد؟ لە وەڵامدا فەرمووی: بەسیواك کردن.[1]

٥- لەکاتی هەڵسان لەخەو:

لەحوذەیفەوە ریوایەتکراوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە هەڵدەستا بۆ شەونوێژ سیواکی دەکرد (دەمی خۆی بەسیواك پاك دەکردەوە).[2]

هەڵکێشانی مووی سپی مەکرووهە

لەعەمری کوڕی شوعەیبەوە لەباوکیەوە، لەباپیریەوە ریوایەت دەکا دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لاَ تَنْتِفُوا الشَّيْبَ مَا مِنْ مُسْلِمٍ يَشِيبُ شَيْبَةً فِي الإِسْلاَمِ، إِلاَّ كَانَتْ لَهُ نُورًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ».[3] مووی سپی لەسەرو ریشی خۆتان هەڵمەکێشن، چونکە هەر موسوڵمانێك بەئیمانداری مووی سپی ببن ئەو سەرو ریش سپی بوونەی بۆ دەبێتە نوورو ڕوناکی ڕۆژی قیامەت.

---

[1] صحيح (ص. جه ٢٣٥)، م (١/٢٢٠/٢٥٣)، د (١/٨٦)، جه (١/١٠٦/٢٩٠).

[2] متفق عليه م (١/٢٢٠/٢٥٥) وهذا لفظه، خ (١/٣٥٦/٢٤٥)، جه (١/١٠٦/٢٩٠)، ن (١/٨) ولفظ الثلاثة {إذا قام من الليل}.

[3] صحيح: (ص. ج ٧٤٦٣)، (١١/٢٥٦/٤١٨٤)، ن (٨/١٣٦).

گۆڕینی نیشانەی پیریو سپی بوونی مووی سەرو ڕیش بەخەنەو وسمەو شتی وا، نادروستی گۆڕینیشی بەرەنگی ڕەش

لە ئەبو زەڕەوە ریوایەتکراوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِنَّ أَحْسَنَ مَا غَيَّرتُمْ بِهِ الشَّيْبَ الْحِنَّاءُ وَالْكَتَمُ».[1] بێگومان باشترین شتێك كەئێوە مووی سپی سەرو ڕیشتانی پێ بگۆڕن خەنەو فلفلی قەرودە.

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتكراوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِنَّ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى لاَ يَصْبُغُونَ ، فَخَالِفُوهُمْ».[2] جولەكەو گاور سەروریشیان بەخەنەو وسمە ڕەنگ ناكەن ئێوە پێچەوانەی ئەوان هەڵسوكەوت بكەن.

لە جابیرەوە ڕیوایەتكراوە دەڵێ: ڕۆژی ڕزگاركردنی مەككە ئەبو قوحافە هێنرایە خزمەت پێغەمبەر سەروریشی وەكوو گوڵە ثوغامە سپی بوو، پێغەمبەر فەرمووی: «غَيِّرُوا هَذَا بِشَيْءٍ وَاجْتَنِبُوا السَّوَادَ». بەشتێك ڕەنگی سەرو قژی بگۆڕن، بەڵام با ڕەنگی ڕەش نەبێ.

لەئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتكراوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «يَكُونُ قَوْمٌ يَخْضِبُونَ فِي آخِرِ الزَّمَانِ بِالسَّوَادِ كَحَوَاصِلِ الْحَمَامِ لاَ يَرِيحُونَ رَائِحَةَ الْجَنَّةِ»[3]: كەسانێك پەیدادەبن لە ئاخر زەمانا مووی سپی سەرو ریشیان بۆیە دەكەن بە دەرمانی ڕەش وەكوو پەڕی سەر سنگی

---

[1] صحیح (ص. ج١٥٤٦)، (د. ٤١٨٧/٢٥٩/١١)، (ت. ١٨٠٦/١٤٥/٣) جە (٣٦٢٢/١١٩٦/٢)... الكتم: ڕوەكێكە لە كێوەكانی ئەفەریقاو وڵاتە موعتەدیلەكان دەڕوێ، بەرێكی هەیە پێی دەگوترێ: (فلفل القرود) لەگەڵ خەنەو وسمەدا بۆ خەنەبەندان بەكاردەهێندرێن.

[2] صحیح: (ص. ج٤١٧٠)، م (٢١٠٢ – ٩٦ – ٣/١٦٦٣)، و (٤١٨٦/٢٥٨/١١).

[3] صحیح: (ص. ج٨١٥٣)، (٤١٩٤/٢٦٦/١١)، ن (٨/١٣٨).

کۆتر کە بەزۆری پەڕی سەرسنگیان ڕەش دەنوێنێ ئەوانە بۆنی بەهەشت ناکەن.

دابو نەریتی چوونە سەرئاو

١- سوننەتە بۆ کەسێك دەیەوێ دەست بەئاو بگەیەنێ، بڵێ: «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْخُبُثِ وَالْخَبَائِثِ». بەناوی خودا، خودایە من پەنادەگرم بەتۆ لەپیسیو دژوێنی. ئەمەیش بەگوێرەی حەدیثەکەی ئیمامی عەلی خودای لێ ڕازی بێ. کە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «سَتْرُ مَا بَيْنَ أَعْيُنِ الْجِنِّ وَعَوْرَاتِ بَنِي آدَمَ إِذَا دَخَلَ أَحَدُهُمُ الْخَلَاءَ أَنْ يَقُولَ بِسْمِ اللَّهِ».[1] پەردەو ساتری نێوان چاوی جندۆکەو شەرمگای ئادەمیزاد کە یەکێکیان چوو دەست بەئاو بگەیەنێ، ئەوەیە {بسم الله} بکاو ویردی چوونە سەرئاو بخوێنێ.

هەروا بەپێی ئەو فەرموودەی کە ئەنەس ڕیوایەتی دەکا دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەچوو دەست بەئاو بگەیەنێ دەیگوت «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْخُبُثِ وَالْخَبَائِثِ».[2]

٢- سوننەتە کە لەتەوالێت هاتە دەرەوە بڵێ: {غفرانك} خودایە داوای لێخۆشبوونت لێ دەکەم، ئەمەیش بەگوێرەی حەدیثەکەی خاتو عائیشە کە دەڵێ: پێغەمبەری خودا کە لەئاودەستخانە دەهاتە دەرەوە دەیفەرموو: {غفرانك}[3] خودایە لێخۆشبوونی تۆم دەوێ.

---

[1] صحيح: (ص. ج٣٦١١)، ت (٢/٥٩/٦٠٣) وهذا لفظه، جه (١/١٠٩/٢٩٧) وعنده (إذا دخل الكنيف) بدلاً من (إذا دخل الخلاء).

[2] متفق عليه: خ (١/٢٤٢/١٤٢)، م (١/٢٨٣/٣٧٥) جه (١/١٠٩/٢٩٨) ت(١/٧/٦)، ن (١/٢٠).

[3] صحيح: (ص. ج/٤٧١٤)، د (١/٥٢/٣٠)، ت (١/٧/٧)، جه (١/١١٠/٣٠٠).

٣- سوننەتە کە دەچێتە سەر تەوالێت قاچی چەپی پێش بخا، کەدێتە دەر قاچی ڕاستی پێش بخا، چونکە هەمیشە لای ڕاست بۆ شتی بەڕێز بەکاردەهێندرێ، لای چەپ بۆ شتی بێ ڕێز. لەم بارەیەوە بەشێوەیەکی گشتی ئاثارو فەرموودە ڕیوایەتکراون.[1]

٤- ئەگەر دەست بەئاو گەیاندنەکەی لەساراو بەتاڵاییدا بوو، ئەوە واباشە ئەوەندە دووربکەوێتەوە نەبیندرێ.

لەجابیرەوە ڕیوایەتکراوە دەفەرموێ: لەخزمەتی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێ) لەسەفەرێکدا چووینە دەر، دەمبینی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کەئیشی سەرئاوی ببوایەو شوێنەکە دەشتو چۆڵەوانی بوایە، ئەوەندە دوور دەکەوتەوە نەبیندرێ.[2]

٥- سوننەتە بەپێوە عەورەتی خۆی هەڵنەماڵێ، تا لەزەوی نزیک نەبێتەوە خۆی هەڵنەماڵێ.

لەئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە بیویستایە دەست بەئاو بگەیەنێ، تا لەزەوی نزیک نەبوایەوە کراسەکەی هەڵنەدەماڵی.[3]

٦- دروست نییە لەکاتی دەست بەئاو گەیاندندا روبکرێتە ڕۆگە یان پشتی تی بکرێ. لەساراو بیابان بێ یان لەناو بینادا بێ.

لە ئەبو ئەیوبی ئەنصارییەوە ڕیوایەتکراوە کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «إِذَا أَتَيْتُمُ الْغَائِطَ فَلاَ تَسْتَقْبِلُوا الْقِبْلَةَ وَلاَ

---

(١) السيل الجرار ١/٦٤.

(٢) صحيح: (ص. ج ٤٦٥٢)، (١/٣١/١٤)، من حديث أنس.

(٣) صحيح (ص. ج ٤٦٥٢)، د (١/٣١/١٤)، ت (١/١١/١٤) من حديث أنس.

تَسْتَدْبِرُوهَا، وَلَكِنْ شَرِّقُوا أَوْ غَرِّبُوا ».[1] کەچوونە شوێنی دەست بەئاو گەیاندن نە رووبکەنە قیبلە نە پشتی تێ بکەن، بەڵکوو رووبکەنە خۆرهەڵات یان خۆرئاوا. ئەبو ئەییوبی ئەنصاری دەڵێ: ئێمە چووینە وڵاتی شام بینیمان ئاودەستیان بنیات نابوون روویان لەکەعبە بوو، ئێمە کە چووینە سەریان بۆ دەست بەئاو گەیاندن، خۆمان وەردەچەرخاند بەلای خۆرهەڵات یان خۆرئاوا بۆ ئەوەی لەوکاتەدا رووماد لە کەعبە نەبێ و ئەستەغفیروڵڵامان دەکرد.

٧- هەروەها خۆ خاڵی کردن و پیسایی کردن لەسەر رێگای خەڵك و ژێر سێبەریاندا حەرامە.

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە دەڵێ: پێغەمبەری خودا فەرموویەتی: (اتَّقُوا اللاعِنَين) خۆتان بپارێزن لەدوو شت کە دەبنە هۆی نەفرین لێ کردنتان، هاوەڵان عەرزیان کرد ئەی پێغەمبەری خودا! ئەو دوو شتە چین کە دەبنە هۆی نەفرین کردنی خەڵك لێمان؟

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: (ألذي يتخلّى في طريق الناس أو في ظِلِّهِم)[2] ئەوکەسەی لەسەرە ڕێگا دەست بەئاو دەگەیەنێ یان لەژێر سێبەرو شوێنی حەسانەوەیان.

٨- مەکروهەو ناپەسەندە میزکردن لە حەمام و شوێنی خۆشتن.

لە حومەیدی ئەلحیمەرییەوە ڕیوایەتکراوە دەڵێ: توشی پیاوێك بووم هاوەڵی پێغەمبەری کردبوو، وەکوو چۆن ئەبو هورەیرە هاوەڵی پێغەمبەری

---

[1] صحيح: (مختصر م (١٠٩)، (ص. د/٧٠).

[2] صحيح: (ص. ج ١١٠)، د (١/٤٧/٢٥)، م (١/٢٢٦/٢٦٩) ولفظه: (اللعانين) قالوا وما اللعانان)؟

کردووه. دەڵێ پێغەمبەری خودا نەی لەوە کردووە کەیەکێك لەئێمە هەمووی ڕۆژێ موی سەرو ریشی بەشانە بکا، یان لەشوێنی خۆشتنی‌دا میز بکا.[1]

٩- میزکردنە ناو ئاوی ڕاوەستاوەوە حەرامە.

لە جابیرەوە ڕیوایەتکراوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی کرد لەوەی میز بکرێتە ناو ئاوی ڕاوەستاوەوە.[2]

١٠- میزکردن بەپێوە دروستەو بەدانیشتنەوە باشترە.

لە حوذەیفەوە ڕیوایەتکراوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) گەیشتە سەرانگوێلکی هۆبەو خێڵێكو بەڕاوەستانەوە میزی کرد، منیش دوورکەوتمەوە، فەرمووی: نزیك بەرەوە، نزیك بوومەوە هەتا وام لێ هات کەوتمە دوا پاژنە پێیەوە ڕاوەستام، پاشان دەستنوێژی گرتو لەسەر خوفەکانی مەسحی کرد.[3]

بۆیە گوتمان دەست بەئاو گەیاندن بەدانیشتنەوە باشترە، چونکە ئەوە دابو نەریتی زۆربەو نیمچە هەمیشەیی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بووە، تەنانەت خاتو عائیشە فەرموویەتی (هەرکەس بۆی گێڕانەوە کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بەپێوە میزی کردووە، بڕوای پێ مەکەن. پێغەمبەر هەر بەشێوەی دانیشتنەوە میزی کردووە.[4]

قسەکەی خاتو عائیشە نەفی ئەو مانایە ناکا، کەحەدیثەکەی حوذەیفە دەیگەیەنێ، چونکە خاتو عائیشە هەواڵی لەشتێك داوە کە بینیویەتی.

---

[1] صحيح: (ص. ن ٢٣٢)، ن (١/١٣٠)، د (١/٥٠/٢٨).

[2] صحيح: (ص. ج ٦٨١٤)، م (١/٢٣٥/٢٨١)، ن (١/٣٤).

[3] متفق عليه: م (١/٢٢٨/٢٧٣)، ت (١/١١/١٣)، خ (١/٣٢٩/٢٢٥)، ن (١/١٩)، د (١/٤٤/٢٣)، جه (١/١١١/٣٠٥).

[4] متفق عليه: خ (١/٣١٧/٢١٦)، م (١/٢٤٠/٢٩٢)، ت (١/٤٧/٧٠).

حوذەیفەیش هەواڵی لەوە داوە کە دیویەتی. ئاشکراشە قسەی چەسپێنەر پێش دەخرێ بەسەر قسەی نەفی کاردا، چونکە چەسپێنەر زێدە زانیاری هەیە. (ان المثبت مقدم علی النا في لان معه زیادة علم).

١١- خۆ پاككردنەوە لەمیز پێویستە.

لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بەلای دوو گۆڕدا تێپەڕی، فەرمووی: « إِنَّهُمَا لَيُعَذَّبَانِ وَمَا يُعَذَّبَانِ فِي كَبِيرٍ أَمَّا أَحَدُهُمَا فَكَانَ لاَ يَسْتَنْزِهُ مِنْ بَوْلِهِ وَأَمَّا الآخَرُ فَكَانَ يَمْشِي بين الناس بِالنَّمِيمَةِ».[1] ئەم دوو گۆڕە سزا دەدرێن، سزادانەکەشیان بەهۆی تاوانی گەورەوە نییە، یەکێکیان لەسەر ئەوە سزا دەدرێ: کەخۆی لەمیز پاك نەکردۆتەوە، ئەویتریان لەسەر ئەوە سزا دەدرێ: کەفیتنەیی لەنێوانی خەڵکدا کردووە.

١٢- نابێ لەکاتی میزکردندا بەدەستی ڕاستی ذەکەری خۆی بگرێ، هەروا نابێ بەدەستی ڕاستی خۆی پاك بکاتەوە.

لە ئەبو قەتادەوە ڕیوایەتکراوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « إِذَا بَالَ أَحَدُكُمْ فَلاَ يَمَسَّ ذَكَرَهُ بِيَمِينِهِ وَلاَ يَسْتَنْجِ بِيَمِينِهِ».[2] ئەگەر یەکێك لەئێوە میزی کرد، با بەدەستی ڕاستی ذەکەری خۆی نەگرێ هەروا بەدەستی راستی خۆی پاك نەکاتەوە.

١٣- دروستە خۆپاککردنەوە بەئاو یان بە بەردو هەرشتێکی لەو جۆرە. بەڵام بەئاو چاکترە.

---

[1] متفق علیه: خ (١/٣١٧/٢١٦)، م (١/٢٤٠/٢٩٢)، ت (١/٤٧/٧٠)، د (١/٤٠/٢٠).

[2] صحیح: (ص. جـه. ٢٥٠)، جـه (١/١١٣/٣١٠) هـذا لفظه ورواه: خ (١/٢٥٤/١٥٤)، م (٢٦٧/١/٢٢٥)، د (١/٥٣/٣١)، ت (١/١٢/١٥) مطولاً مختصراً.

له ئەنەسەوە ڕیوایەتکراوە دەڵێ: پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) دەچووە سەرئاو، ئەمنو کوڕێکی تر لەتەمەنی مندا دۆڵچە ئاوو گۆچانەکەمان بۆ هەڵدەگرت، دەمدی بەئاو خۆی پاك دەکردەوە.[1]

هەروا لە خاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە دەڵێ: پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « إِذَا ذَهَبَ أَحَدُكُمْ إِلَى الْغَائِطِ فَلْيَذْهَبْ مَعَهُ بِثَلاَثَةِ أَحْجَارٍ يَسْتَطِيبُ بِهِنَّ فَإِنَّهَا تُجْزِئُ عَنْهُ».[2] ئەگەر یەکێك لەئێوە چوو دەست بەئاو بگەیەنێ، با لەگەڵ خۆی سێ بەرد بەرێ خۆیان پێ پاك بکاتەوە، ئەوە کیفایەتیەتی.

١٤- نابێ بە کەمتر لەسێ بەرد خۆ پاك بکاتەوە.

له سەلمانی فارسیەوە (ڕەزای خودای لێ بێ) هاتووە: کە لێی پرسیار کراو پێی گوترا: ئێوە پێغەمبەرەکەتان هەموو شتێکی فێر کردوون تەنانەت چۆنیەتی میزو پیسایی کردنو دەست بەئاو گەیاندن! وتی بەڵێ: بێگومان پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) نەهی لێ کردووین کە لەکاتی میز کردنو پیسایی کردندا ڕوو بکەینە قیبلە یان پشتی تێ بکەین. هەروا نەهی لێ کردووین کە بەدەستی ڕاست خۆمان پاك بکەینەوە، یان بەکەمتر لەسێ بەرد خۆمان پاك بکەینەوە، یان بەتەپاڵەو تەرسەقولو شتی وا خۆمان پاك بکەینەوە. یان بەئێسقان.[3]

١٥- دروست نییە بەئێسقانو تەپاڵەو قشپلو شتی وا خۆپاك بکەینەوە.

---

[1] متفق عليه: خ (١/٢٥٢/١٥٢)، م (١/٢٧١،٢٢٧)، ن (١/٤٢) وليس عند ذكر العنزة.

[2] صحيح: (ص.ن ٤٣) ن(١/٤٢)، د (١/٦١/٤٠).

[3] صحيح: (ص. جه ٢٥٥)، م (١/٢٢٣/٢٦٢)، ت (١/١٣/١٦)، د (١/٢٤/٧)، جه (١/١١٥/٣١٦)، ن (١/٣٨).

لەجابیرەوە ڕیوایەتکراوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی کردووە لەوەی بۆ خۆپاك کردنەوە لەمیزو پیسایی ئێسقانو قشپڵو تەپاڵەو شتی وا بەکاربهێندرێو مەسحی شوێنی لێ هاتنە دەرەوەی پیسایییەکەی پێ بکرێ.[١]

١٦- سوننەتە دوای دەست بەئاو گەیاندنو خۆپاککردنەوە ئاو لە نافۆکی برشێنێ. بەم جۆرە کەمێك ئاو بە لوێچی لەنافۆکی برشێنێ بۆ ئەوەی وەسوەسەو خوتەخوت لەخۆی دوور بخاتەوە.[٢]

لە سوفیانی کوڕی ئەلحەکەم ڕیوایەتکراوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەچوو سەرئاو میزی دەکرد، دوایی دەستنوێژی دەگرتو ئاوی لەنافۆکی خۆی دەرشاند[٣]. لەسەعیدی کوڕی جوبەیرەوە ڕیوایەتکراوە کەپیاوێك هاتە لای ئیبنو عەبباس وتی: من کە هەڵدەستم بۆ نوێژ هەست بەتەڕایەك دەکەم، ئیبنو عەبباس پێی گوت: بە پیاڵە ئاوێك نافۆکی خۆت برشێنە، دوایی کە هەستت بەتەڕایی کرد دڵی خۆت ببەرە سەر ئەوە کە تەڕاییەکە لەوەوەیە. پیاوەکە ڕۆیی‌و ماوەیەکی پێ چوو دوایی هاتەوە بۆلای ئیبنو عەبباس پێی وابوو ئەو وەسوەسەو ختوکەیەی نەماوە.[٤]

---

١ صحيح: (ص. ج ٦٨٢٧)، م (١/٢٢٤/٢٦٣)، د (١/١٠/٣٨).

٢ فتح الباری (١١/٣٣٨).

٣ صحيح: (ص. د ١٥٢)، د (١/٢٨٥/١٦٥)، ن (١/٨٦) جه (١/١٥٧/٤٦١)، هق (١/١٦١).

٤ هق (١/١٦٢).

باسی قاپو قاچاغی ناو ماڵ
(باب الآنية)

بەکارهێنانی قاپو قاچاغی ناوماڵ لەهەر مادەیەك بێ دروستە جگە لە قاپو قاچاغی لەزێڕو زیو دروستکراو، ئەوەی لەو دوو مادەیە دروست کرا بێ خواردنو خواردنەوەیان تێدا حەرامە، بەڵام بەکارهێنانیان بۆ مەبەستی تر حەرام نییە.

لە حوذەیفەوە ڕیوایەتکراوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « لاَ تَشْرَبُوا فِي آنِيَةِ الْفِضَّةِ وَالذَّهَبِ ، وَلاَ تَلْبَسُوا الدِّيبَاجَ وَالْحَرِيرَ ، فَإِنَّهُ لَهُمْ فِي الدُّنْيَا وَلَكُمْ فِي الآخِرَةِ». [1] لەقاپو پیاڵەی زێڕو زیودا شت مەخۆنەوە، ئاوریشمو دێباج مەپۆشن، ئەوە لەدونیادا بۆ ئەوانی ناموسوڵمانەو لەقیامەت بۆ ئێوەیە.

لە ئوممو سەلەمەوە ڕیوایەتکراوە دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « الَّذِي يَشْرَبُ فِي إِنَاءِ الْفِضَّةِ إِنَّمَا يُجَرْجِرُ فِي بَطْنِهِ نَارَ جَهَنَّمَ». رواه البخاري ومسلم، ولمسلم: « أَنَّ الَّذِي يَأْكُلُ أَوْ يَشْرَبُ فِي آنِيَةِ الْفِضَّةِ وَالذَّهَبِ ». ئەو کەسەی لەقاپو پیاڵەی زیودا شت بخواتەوە، ئەوە ئاگری دۆزەخ هەڵدەقوڕێنێتە ورگی خۆیەوە، دەقی ئیمامی موسلیم بەم شێوەیە (ئەوکەسەی شت دەخوا یان دەخواتەوە لەقاپو پیاڵەی زیوو زێڕدا.......).

ئیمامی موسلیم دەفەرموێ: لەدەقی حەدیثی هیچ کامێ لەوانەی ئەو فەرموودەیان ڕیوایەت کردووە باسی {ألأكل}و {الذهب}ی تێدا نیە جگە لەحەدیثی (ئیبنو مسهر).

---

[1] متفق عليه: خ (١٠/٩٦/٥٦٣٣)، م (٣/١٦٣٧/٢٠٦٧)، ت (٣/١٩٩/١٩٣٩)، د (١٠/١٨٩/٣٧٠٥)، جه (٢/١١٣٠/٣٤١٤) بدون النهي عن الحرية والديباج، ن (٨/١٩٨).

شێخی ئەلبانی دەڵێ: ئەم زێدەیە شازو دەگمەنە لەڕوی ڕیوایەتەوە هەرچەندە لەڕوی دیرایەتەوە ماناکەی صەحیحە. چونکە ئاشکرایە {ألأكل}و {الذهب} کاریگەریان زیاترە لە (خواردنەوە) و لە (زیو).[1]

خۆپاککردنەوەو دەستنوێژگرتن بۆ نوێژ
(الطهارة للصلاة)

لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە ڕیوایەتکراوە دەڵێ: بەگوێی خۆم لە پێغەمبەرم بیست دەیفەرموو: (لاَ تُقْبَلُ صَلاَةٌ بِغَيْرِ طُهُورٍ).[2] بەبێ دەستنوێژگرتنو خۆپاککردنەوە نوێژ دروست نیەو لای خودا قبوڵ نابێ.

خۆ پاککردنەوەو دەستنوێژگرتن دوو جۆرە: (خۆپاککردنەوە بەئاو، خۆپاککردنەوە بەخاک).

یەکەم: خۆ پاککردنەوە بەئاو: دەستنوێژگرتن، غوسڵ کردن.

دەستنوێژو چۆنیەتی بەئەنجامدانی

لە حومرانەوە – کە مەولای عوسمان بووە – ڕیوایەتکراوە دەڵێ: عوسمانی کوڕی عەففان (ڕەزای خودای لێ بێ) داوای ئاوی کرد بۆ دەستنوێژ گرتن، ئاویان بۆ هێنا هەردوو دەستی تا مەچەکی سێ جار شت. پاشان ئاوی لەدەمی وەرداو ئاوی لە لوتی رادا، ئەمجار سێ جار دەموچاوی خۆی شتن، پاشان سێ جار دەستی ڕاستی خۆی لەگەڵ ئەنیشکیدا شتن، ئەمجار دەستی چەپیشی بەوجۆرە شت، پاشان دەستی تەڕی بەسەر سەری خۆیدا هێنا، ئەمجار قاچی ڕاستی تا قولەپێی سێ جار شتن، پاشان قاچی چەپیشی

---

[1] الإرواء: ١/٩٦.

[2] متفق عليه: م (١/٢٠٤/٢٢٦) وهذا لفظه، خ (١/٢٦٦/١٦٤)، د (١/١٨٠/١٠٦)، ن (١/٦٤).

بەوجۆرە شت، ئەمجار فەرمووی: پێغەمبەرم دیوە بەم دەستنوێژ گرتنەی من دەستنوێژی دەگرت. پاشان فەرمووی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ تَوَضَّأَ نَحْوَ وُضُوئِي هَذَا ثُمَّ قَامَ فَرَكَعَ رَكْعَتَيْنِ لاَ يُحَدِّثُ فِيهِمَا نَفْسَهُ غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ».[1] کەسێك دەستنوێژ بگرێ بەم شێوە دەستنوێژ گرتنەی من، پاشان دوو ڕکات نوێژ بکا تێیاندا خەیاڵی نەڕوا بەملاو ئەولادا ئیللا لەتاوانی لەوەپێشی لێخۆشبوونی بۆ دەستەبەر دەبێ.

ئیبنو شیهاب دەڵێ: زانایانی ئیسلام فەرموویانە: ئەم دەستنوێژ گرتنە تەواوترین دەستنوێژ گرتنە کە یەکێك پەیڕەوی بکاو ئاوا دەستنوێژ بگرێ.

مەرجەکانی صیحەتی دەستنوێژ

١- نیەتهێنان، چونکە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ».[2] کردەوە بەگوێرەی نیەتە، هەموو کردارێك بەگوێرەی نیاز پاداش‌و سزای لەسەر وەردەگیرێتەوە. نیەت بەدڵەو پێویست ناکا بەزوبان بیڵێ، چونکە لە پێغەمبەرەوە نەچەسپاوە.

٢- بیسمیلا کردن لەسەرەتای دەستنوێژ گرتندا. ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: «لاَ صَلاَةَ لِمَنْ لاَ وُضُوءَ لَهُ وَلاَ وُضُوءَ لِمَنْ لَمْ يَذْكُرِ اسْمَ اللَّهِ تَعَالَى عَلَيْهِ».[3] نوێژ بەبێ دەستنوێژ دروست نیە، دەستنوێژگرتنیش بەبێ بیسمیلا کردن لەسەرەتای دەستپێکردنیدا، نایەتەدی.

---

[1] متفق عليه: م (٢٢٦/٢٠٤/١) وهذا لفظه. خ (١٦٤/٢٦٦/١)، د (١٠٦/١٨٠/١).

[2] متفق عليه: خ (١/٩/١)، م (١٩٠٧/١٥١٥/٣)، د (٢١٨٦/٢٨٤/٦)، ت (١٠٠/٣/١٦٩٨).

[3] حسن: (ص. جه ٣٢٠)، د (١٠١/١٧٤/١)، جه (٣٩٩/١٤٠/١).

عەللامـەی دەهلـەوی لـەکتێبی (حجـة الله البالغـة ١/١٧٥)دا دەفـەرموێ: ئەمە دەقێکی صەریحە لەسەر ئەوە کە: (بیسمیلا کـردن) روکنـی دەسـتنوێژە، یــان مــەرجی ســەرەکیەتی، دەشــگونجێ مانــای فەرموودەکــە ئــەوەبێ: دەسـتنوێژگرتن بـەبێ (بیـسمیلا کـردن) تـەواو نابـێ، بـەڵام مـن ئـەم مانـاو تەئویلە ناچێ بەدڵداو پێم وایـە مانایەکی دوورەو ئـەو وشـەو ڕستەیە ئـەو مانایە لەخۆ ناگرێ.

٣- مـوالات لـەنێوان شـتن‌و مەسـحکردنی ئەنـدامی دەسـتنوێژدا. واتـە: بەشوێن یەکتردا ئەندامەکانی جەستەی بەبێ وەغراندن بشۆرێ یـان مەسـحی بکـا. ئەمـەیش بـەپێی ئـەو حـەدیثـەی خالیـدی کـوڕی مەعـدان ریوایـەتی کـردووەو دەڵـێ: پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) پیـاوێکی بینـی دەستنوێژی شتبوو نوێژی دەکرد، بە ئەندازەی درەمێك لەپشتە پێی ئاوی ڕێ نەکەوتبوو، ئەوەبوو پێغەمبەر فەرمانی پـێ کـرد سـەرلەنوێ دەسـتنوێژەکەی بشواتەوەو نوێژەکەشی دووبارە بکاتەوە.[1]

ئەگـەر مـوالات‌و بەشـوێن یەکدا شـتن واجب نەبوایـە، تـەنها شـتنی ئـەو پارچـەیەی ئـاوی نـەرێ کـەوتبوو کیفایـەت بـوو، لەلایـەکی تـرەوە دەسـتنوێژ عیبـادەت‌و خوداپەرسـتیە، نەشـتنی بەشـێك لـەو شـوێنانەی شـتنیان واجبـە دەستنوێژەکە پوچەڵ دەکاتەوە. لەبەرئەوە مـوالات لەشـتنی ئەندامەکانـدا بـە مەرج دانراوە، لەلایەکی تـرەوە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) هـەر بەشـێوەی مـوالات دەسـتنوێژی گرتـووەو فەرمانیـشی بـەو کەسـە کـردوە کـە پەیرەوی موالاتی نەکردبوو کە دەستنوێژەکەی دووبارە بکاتەوە.[2]

---

[1] صحيح: (ص. د ١٦١)، د (١/١٩٦/١٧٣).

[2] المغني لابن قدامة (١٣٨ ء ١/١٣٩).

فەرزەكانی دەستنوێژ

١ ، ٢- شتنی دەم‌و چاو وێڕای ئاو لەدەم رادان‌و ئاو لەلوت رادان.

٣- شتنی هەردوو دەست تا ئەنیشك دەبێ ئەنیشكیش بشۆرێ.

٤ ، ٥- مەسحكردنی سەر هەمووی: هەردوو گوێچكەش دەچنە چوارچێوەی مەسحەكەوە.

٦- شتنی هەردوو قاچ هەتا قولەپێ.

پەروەردگار دەفەرموێ: (إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاَةِ فَاغْسِلُوا وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُوا بِرُءُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ).[1] ئەی ئەو كەسانەی بڕواتان هێناوە بە تاك‌و تەنهایی خوداو پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەد هەركاتێك ویستتان نوێژبكەن دەستنوێژ بگرن بەم جۆرە: روخسارتان بشۆرن، ئەمجار هەردوو دەستتان لەگەڵ هەردوو ئانیشكتاندا بشۆرن، بە ئاوێكی تازە دەستی تەڕ بهێنن بەسەر سەرتانداو سەرتان تەڕبكەن، ئەوجا قاچەكانتان لەگەڵ قولەپێتان بشۆرن.

ئەوە كەگوترا: ئاو لەدەم رادان‌و ئاو لە لوت وەردان دەچنە چوارچێوەی شتنی دەم‌و چاو لەم رووەوەیە: كە پەروەردگار لە قورئاندا فەرمانی كردووە بەشتنی دەم‌و چاو، ئەوەش چەسپاوە: كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بەردەوام لەگەڵ شتنی دەم‌و چاوی ئاو لەدەم رادان‌و ئاو لەلوت وەردانی ئەنجام داوە، هەموو ئەوانەی شێوەی دەستنوێژ هەڵگرتنی پێغەمبەریان ریوایەتكردووە چۆنیەتی شتنی ئەندامەكانی دەستنوێژی ئەویان رونكردۆتەوە، ئاو لەدەم رادان‌و ئاو لەلوت وەردانیان باس كردوە. ئەمە ئەوە

---

(1) المائدة/٦.

دەگەیەنێ: کە فەرمان کردن بەشتنی دەم‌و چاو لە قورئاندا ئاو لەدەم وەردان‌و ئاو لەلوت وەردانیش دەگرێتەوە.[1]

لەلایەکی ترەوە لە فەرمودەیەکدا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی بەئاو لەدەم رادان‌و ئاو لەلوت وەردان کردوە لەگەڵ شتنی دەم‌و چاودا. دەفەرموێ: «وَإِذَا تَوَضَّأَ أَحَدُكُمْ فَلْيَجْعَلْ فِي أَنْفِهِ مَاءً ثُمَّ لِيَنْتَثِرْ». [2] ئەگەر یەکێك لەئێوە دەستنوێژی گرت با ئاو لەلوتی راداو پاشان فم بکا. هەروا لەفەرمودەیەکی تریدا دەفەرموێ: « بَالِغْ فِي الاِسْتِنْشَاقِ إِلاَّ أَنْ تَكُونَ صَائِمًا». [3] زێدەڕەوی بکە لەئاو لەلوت وەردانـدا مەگەر بەڕۆژوبێ. هەروا ئاماژە بە فەرموودەیەکی تر، کە دەفەرموێ: « إِذَا تَوَضَّأْتَ فَمَضْمِضْ»[4]: کە دەستنوێژت گرت ئاو لەدەم رادە (واتە: لەگەڵ شتنی روخسار ئاو لەدەمت رادە).

پێویستی مەسحکردنی هەموو سەر لەبەر ئەوەیە فەرمان بە مەسحکردنی سەر لە قورئاندا موجمەلە پێویستە رون بکرێتەوە بە حەدیث، لە صەحیحەین‌و شوێنی تریش ئەوە چەسپاوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) مەسحی هەموو سەری کردووە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە لە دەستنوێژ گرتندا پێویستە هەموو سەر مەسح بکرێ.

لە عەمری کوڕی یەحیای مازەنی‌یەوە ئەویش لە باوکییەوە ڕیوایەت دەکا دەڵێ: پیاوێك بە عەبدوڵڵای کوڕی زەیدی گوت – کە باپیری عەمری

[1] السيل الجرار/١/٨١

[2] صحيح: (ص.ج٤٤٣)، د(١/٢٣٤/١٤٠)، ن(١/٦٦).

[3] صحيح (ص. د ١٢٩، ١٣١)، د(١/١٤٤/١٤٢).

[4] صحيح (ص. د ١٢٩، ١٣١)، د(١/١٤٤/١٤٢).

كوڕی یەحیایە – ئەرێ دەتوانی پێم بڵێی: پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) چۆن دەستنوێژی هەڵدەگرت؟

عەبدوڵلای کوڕی زەید وتی: بەڵێ. ئەوەبوو پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) داوای کرد ئاویان بۆهێنا، هەردوو دەستی تا مەچەکی دووجارشتن، پاشان ئاوی لەدەم راداو ئاوی لە لوت وەردا سێ جار. ئەمجار سێ جار روخساری خۆی شت. پاشان دووجار دەستی بە ئانیشکیەوە شتن. ئەمجار دەستی تەڕی بەسەر سەری خۆیدا هێنا بۆ دواوەو بۆ پێشەوە، لەپێشە سەرییەوە دەستی تەڕی دەبرد بۆ پاشە سەریو پشتە ملی، ئەمجار دەیهێنایەوە پێشە سەری. پاشان هەردوو قاچی بە قولە پێکانیشیەوە شت.[1]

ئەگەر بگوترێ: لەو حەدیثەدا کە موغەیرە ڕیوایەتی کردوە، ئەوە دەگەیەنێ: کە پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێ) ناوچەوان و پێشە سەری مەسح کردوە، لەسەر میزەرەکەیەوە مەسحی کردوە؛

وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە دەڵێن: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) کە بیندراوە تەنها پێشە سەری مەسح کردوە، ئەوە باقی سەری لەسەر میزەرەوە مەسح کردوە، ئێمەیش ئەوە دەڵێین: حەدیثەکەی موغەیرە ئەوە ناگەیەنێ: کە تەنها پێشە سەری مەسح کردبێ یان بەشێکی مەسح کردبێ، بەبێ ئەوەی باقی سەری لەسەر مێزەرەوە مەسح نەکردبێ.[2]

---

[1] متفق علیه: خ(١/٢٨٩/١٨٥)، م(٢٣٥/٢١٠، ٢١١/١)، د(١/٢٠٨/٢٠٥/١١٨)، ت(١/٢٥/٣٢)، ن(١/٧٢/٧١) جة(١٤٩/٤٣٤ و ١٥٠/١).

[2] تەفسیری ئیبنو کەثیر (٢/٢٤).

بـەکورتی مەسـح کردنـی سـەر هـەمووی واجبـە[1] ئـەمجار مەسـحکەر بەویستی خۆی دەتوانێ سەری مەسح بکا، دەتوانێ لەسـەر مێـزەرەوە مەسحی بکا، دەتوانـێ هەنـدێکی سـەری مەسـح بکاو بـاقی مانـدەی لەسـەر مێـزەرەوە مەسح بکا، هەموو شێوەکان صەحیحو راستو دروستن.

باسـی ئـەوە کـە دوو گوێـچکە داخلـی سـەرنو دەبـێ مەسـح بکـرێن، فەرموودەی پێغەمبـەرە کـە دەفـەرموێ: «الأُذُنَـانِ مِـنَ الـرَّأْسِ». دوو گوێـچکە بەشێکن لەسەرو مەسح کردنیان واجبە.

لەم حەدیثـەی دوایی دێ چۆنیەتی مەسـح کردنـی گوێـچکەمان بـۆ رون دەکاتەوە.

لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی (ألعاص) ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پیاوێـك هاتــە لای پێغەمبــەر (دروودی خــودای لەســەر بــێ) عــەرزی کــرد: ئــەی پێغەمبـەری خـودا! دەسـتنوێژ گـرتنو خـۆ پاککردنـەوە لـەبێ دەسـتنوێژی چۆنە؟ تەشریفی داوای ئاوی کرد لەمەسینەیەکدا بۆیان هێنا، سەرەتا سێجار دەسـتو مەچـەکی شـتن، پاشـان سێجار دەمو چـاوی شـتن، ئـەمجار سـێجار مەچەكو باسـکی خـۆی شـتن، پاشـان مەسـحی سـەری کـرد، هـەردوو پەنجـەی شایەتومانی خستە ناو گوێچکەیەوەو بەهەردوو قامکە گەورەی مەسحی دیوی دەرەوەی گوێـچکەکانی کـرد، پاشـان هـەردوو قاچـی بەقولـە پێیـەوە سـێجار سێجار شتن. ئەمجار فەرمووی: « هَكَذَا الْوُضُوءُ فَمَنْ زَادَ عَلَى هَذَا أَوْ نَقَصَ فَقَدْ

---

[1] بـەلای مەزهـەبی شـافیعیـیـەوە بەشـێکی سـەر – بـا کـەمیش بـێ – مەسـح بکـرێ کیفایەتە.

أَسَاءَ وَظَلَمَ أَوْ ظَلَمَ وَأَسَاءَ». دەستنوێژگرتن ناوایه کەسێك لێی زیاد بکا، یان لێی کەم بکاتەوە ستەمی کردوە.[1]

٧- بەدەستی تەڕ هاژنینەوەی ریش (واتە پەنجە خستنە ناو ریش). ئەمەش بەپێی حەدیثی ئەنەسی کوڕی مالیك: کە دەڵێ: پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەستنوێژی دەگرت لوێچێکی ئاو هەڵدەگواستو دەستی تەڕی دەخستە ژێر مووی ریشیەوەو هەوڵی دەدا بنکی مووەکان باش تەڕببنو دەیفەرموو: «هَكَذَا أَمَرَنِي رَبِّي عَزَّ وَجَلَّ ».[2] پەروەردگارم ئاوا فەرمانی پێ کردم.

٨- ئاژنینەوەی نێوان پەنجەکانی دەستو قاچ. ئەمەش بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ): کە فەرموویەتی: «أَسْبِغِ الْوُضُوءَ وَخَلِّلْ بَيْنَ الأَصَابِعِ وَبَالِغْ فِي الاِسْتِنْشَاقِ إِلاَّ أَنْ تَكُونَ صَائِمًا ».[3] بەباشیو بەتەواوی دەستنوێژ بشۆرەوە، نێوانی پەنجەکانی دەستو قاچت بئاژنەوە، زێدەڕەوی بکە لەئاو لەدەم وەرداندا مەگەر بەڕۆژوبێ.

لە عەبدوڵلای کوڕی مەسعودەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: {لتنهكُنّ الأصابع بالطهور، أو لَتَنْهكَنّهَا النار}[4] بەئاو باشباش نێوان پەنجەکان دەهاژننەوە، یان ڕۆژی قیامەت ئاگر دەچێتە ناویانەوەو بەئاگر دەئاژێندرێنەوە.

---

[1] حسن صحيح دون قوله (او نقص) فانه شاض (ص.د/١٢٣، د ١/٢٤٥/١٣٥). (جة ١/١٤٦/٤٢٢).

[2] صحيح: (الإرواء/٩٢)، د(١٤٥/١/٢٤٣)، هق(١/٥٤).

[3] صحيح: لەباسی فەرزی دەستنوێژدا ئامازەی پێ کرا.

[4] حسن صحيح (ص. تغ: ٢١٨)، طس (٣/١٩١/٢٦٩٥).

چۆن پەنجەی قاچەکانی دەهاژێنیتەوە؟

لە (ألمستورد)ی کوڕی شەددادەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەرم (دروودی خودای لەسەر بێ) بینی ناو پەنجەکانی قاچی بە پەنجە بچکۆلەی دەهاژنیەوە.[1]

سوننەتەکانی دەستنوێژ

١- سیواك كردن: لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « لَوْلاَ أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي لأَمَرْتُهُمْ بِالسِّوَاكِ مَعَ كُلِّ وضوءٍ».[2] ئەگەر لەبەرئەوە نەبوایە دەبوە ئەركی زۆر بەسەر ئوممەتمەوە فەرمانم پێ دەكردن لەگەڵ هەموو دەستنوێژ گرتنێكدا سیواك بكەن.

٢- شتنی هەردوو دەستو مەچەك سێجار لەسەرەتای دەستنوێژگرتندا چونكە چەسپاوە لە عوسمانی كوڕی عەففانەوە: كە باسی دەستنوێژگرتنی پێغەمبەری گێڕایەوە، دەڵێ: پێغەمبەر سێجار دەستو مەچەكی شتن.[3]

٣- كۆكردنەوە لەنێوان ئاو لەدەم رادانو ئاو لەلوت وەردان بەیەك لوێچ ئاو سێجار. ئاماژە بە حەدیثی عەبدوڵڵای كوڕی زەید دەربارەی فێركردنی چۆنیەتی دەستنوێژ گرتنی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ): كە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بە لوێچێك ئاو ئاو لەدەم رادانو ئاو لە لوت وەردانی ئەنجامدا سێجار.[4]

---

[1] صحيح (ص.جة: ٣٦٠)، جة(١/١٥٢/٤٤٦)، د(١/٢٥٢/١٤٨).

[2] صحيح: لەباسی سیواكدا تێپەڕی.

[3] صحيح: لەوەپێش لەباسی چۆنیەتی دەستنوێژدا باس كرا.

[4] صحيح: (مختصر.م/ ١٢٥)، (١/٢١٠/٢٣٥).

٤- زێدەڕەوی کردن لەئاو لەدەم رادانو ئاو لەلوت وەردان بۆ کەسێك بەرۆژو نەبێ. بەگوێرەی فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: (وَبَالِغْ فِي الاِسْتِنْشَاقِ إِلاَّ أَنْ تَكُونَ صَائِمًا).[١]

٥- پێش خستنی لای راست بەسەر لای چەپدا. ئاماژە بە حەدیثی خاتو عائیشە: کە دەفەرموێ: پێغەمبەری خودا، راست پێشخستنی پێ خۆش بوو لەهەموو شتێکدا؛ لە پێلاو لەپێ کردندا لە بەشانەکردندا، لەشتنی ئەندامەکانی جەستەی دا، لەهەموو کاروبارێکی دا.[٢]

هەروەها بەگوێرەی حەدیثی عوسمان کە لەمیانەی گێڕانەوەی چۆنیەتی دەستنوێژ هەلگرتنی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێ) دەڵێ: تەشریفی لای راستی شت، ئەمجار لای چەپی شت.

٦- دەست پێداهێنانی ئەو ئەندامانەی جەستە: کە لە دەستنوێژدا دەشۆردرێن. ئەمەش بەپێی حەدیثی عەبدوڵڵای کوڕی زەید: کە بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێ سێیەکەمودێك ئاو هێنرایە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەستنوێژی پێ شت، لەکاتی دەستنوێژ گرتنەکەیدا دەستی بە ئەندامەکانی جەستەیدا دەهێنا دەستەکانی رێی باسکی دەخستن.[٣]

٧- شتنەکانی ئەندامی دەستنوێژ سێ جار، لەبەر حەدیثی عوسمان کە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەستنوێژی هەلگرت سێ جار سێ جار ئەندامەکانی جەستەی شتن، ئەوەش چەسپاوە: کە تەشریفی

---

[١] صحيح: (لەباسی فەرزەکانی دەستنوێژدا تێپەڕی).

[٢] متفق عليه: (١/٢٦٩/١٦٨)، م(١/٢٢٦/٢٦٨)، (١١/١٩٩/٤١٢٢)، ن(١/٧٨).

[٣] اسناده صحيح: (ص.خز: ١/٦٢/١١٨).

دەستنوێژی گرتووە یەکجار یەکجار ئەندامەکانی شتووە، وایش بووە دووجار دووجار شتونی.[١]

سوننەت وایە مەسحکردنی سەر دووبارەو سێ بارە بکرێتەوە، چونکە لە عوسمانەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) دەستنوێژی گرت سێ جار مەسحی سەری کرد. وتی پێغەمبەرم بینی ئاوا دەستنوێژی هەڵگرت.[٢]

٨- تەرتیبو یەك بەدوای یەکدی شتنی ئەندامەکانی دەستنوێژ. چونکە زۆربەی دەستنوێژگرتنی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) تەرتیبی تێدا بووە، هەموو ئەوانەی شێوەی دەستنوێژهەڵگرتنی پێغەمبەریان گێڕاوەتەوە ئەومیان چەسپاندووە. بەڵام لەهەمان کاتدا ئەوەش چەسپاوەو لە (ألمقدام)ی کوڕی مەعدیکەریبەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: بڕێ ئاوم هێنایە خزمەتی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) تەشریفی دەستنوێژی هەڵگرت. سەرەتا دەستو مەچەکی سێ جار شتن. ڕوخساری سێ جار شت، پاشان هەردوو باسكو قۆڵی سێ جار شتن، پاشان ئاوی لەدەمی ڕاداو ئاوی لە لوتی وەردا سێ جار، پاشان مەسحی سەریو دوو گوێچکەی کرد.... تا کۆتایی حەدیثەکە.[٣]

٩- نزاو پاڕانەوەی پاش دەستنوێژگرتن. بەگوێرەی فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: «مَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ يَتَوَضَّأُ فَيُسْبِغُ الْوُضُوءَ ثُمَّ يَقُولُ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللَّـهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَـهُ وَأَنَّ

---

[١] حسن صحيح: (ص. د ١٢٤)، خ (١/٢٥٨/١٥٨) من حديث عبدالله بن زيد، د (١٣٨/١/٢٣٠) ت (١/٣١/٤٣) من حديث ابى هريرة.

[٢] حسن صحيح: (ص. د ١٠١)، د (١/١٨٨/١١٠).

[٣] صحيح: (ص. د ١١٢)، د (١/٢١١/١٢١).

مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ إِلاَّ فُتِحَتْ لَهُ أَبْوَابُ الْجَنَّةِ الثَّمَانِيَةُ يَدْخُلُ مِنْ أَيِّهَا شَاءَ».[1] تیرمزی ئەمەشی لێ زیاد کردووە «اللَّهُمَّ اجْعَلْنِي مِنَ التَّوَّابِينَ وَاجْعَلْنِي مِنَ الْمُتَطَهِّرِينَ» واتە: هەر یەکێك لەئێوە دەستنوێژ بگرێ بەتەواوی دەستنوێژەکەی تەواو بکا، پاشان بڵێ: شایەتی دەدەم هیچ خودا نین جگە لە (الله) تاكو تەنیاو بێ هاوەڵو بێ شەریکە. هەروا شایەتی دەدەم حەزرەتی موحەممەد بەندەو پێغەمبەری خودایەئەوە بێگومان هەر هەشت دەرگای بەهەشتی بۆ والا دەکرێن لەکامەیانەوە بچێتە ژوورەوە بچێتە ژوور.

لە ئەبو سەعیدەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: « مَنْ تَوَضَّأَ فقال: سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ ». هەرکەسێ دەستنوێژ بگرێ پاشان بڵێ: خودایە پاكو بێ عەیبی هەر بۆ تۆیەو من سوپاسو ستایشی تۆ دەکەم، شایەتی دەدەم هیچ خودا نین جگە لەزاتی پاکت، داوای لێخۆشبوونت لێ دەکەم، تۆبە دەکەمو بەزاتی پاکت پەنا دەگرم، ئیتر ئەم دۆعاو پاڕانەوەی دەخرێتە صەحیفەیەکی سپییەوە تا ڕۆژی قیامەت ناشکێندرێو هەڵناپچڕێ.[2]

١٠- کردنی دوو ڕکات دوای دەستنوێژ: ئەمەیش بەپێی قسەکەی عوسمان: کە دوای ئەوەی چۆنیەتی دەستنوێژگرتنی پێغەمبەری فێرکردن، وتی: من بینیم پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بەم شێوە دەستنوێژگرتنەی من دەستنوێژی گرت، ئەمجار پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ تَوَضَّأَ نَحْوَ وُضُوئِي هَذَا ثُمَّ قَامَ فَرَكَعَ رَكْعَتَيْنِ لاَ يُحَدِّثُ فِيهِمَا نَفْسَهُ غُفِرَ لَهُ مَا

---

[1] صحيح: (مختصر م/١٤٣)، م (١/٢٠٩/٢٣٤).

[2] (صحيح الترغيب ٢٢٠)، ك (١/٥٦٤)، طس (٢/١٣٢/١٤٧٨) هیچ جۆرە دوعایەك لەمیانەی دەستنوێژگرتندا نەچەسپاوە.

تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ». [1] کەسێك بەم شێوە دەستنوێژەی من دەستنوێژ بگرێ، پاشان دوو ڕکات سوننەتی دەستنوێژ بکا، لەمیانەی ئەنجامدانی دوو ڕکاتە نوێژەکەدا دڵی پەیوەست بی بەخوداوە، لێخۆشبوون لەتاوانی رابوردووی بۆ دەستەبەر دەبێ.

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەکاتی نوێژی بەیانیدا بە بیلالی فەرموو: «يَا بِلاَلُ أخبرني بِأَرْجَى عَمَلٍ عَمِلْتَهُ فِي الإِسْلاَمِ ، فَإِنِّي سَمِعْتُ دَفَّ نَعْلَيْكَ بَيْنَ يَدَيَّ فِي الْجَنَّةِ»: ئەی بیلال پێم بڵێ: باشترین کردەوەو جێگای هیوا چیە، کە لەپێناو ئایینی ئیسلامدا ئەنجامت داوە، چونکە من گوێم لەخشەی نەعلەکانت بوو لەبەردەمم لەبەهەشتدا، بیلال لەوەڵامدا وتی: من کردەوەیەکی وام نەکردووە جێگای ئومێدم بێو زۆر دڵم پێی خۆش بێ، ئەوەنەبێ من هەر دەستنوێژێکم گرتبێ لە شەودا بووبێ یان لەڕۆژدا بووبێ، ئیللا بەو دەستنوێژە چەندێکم پێ کرابێ نوێژم کردووە. [2]

پێویستە ئیقتصاد بکرێ لە بەکارهێنانی ئاو بۆ دەستنوێژ زیدەڕەوی کردن تێیدا حەرامە

لە ئەنەسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دابو نەریتی وابوو بە ڕبەئاوێك تا پێنج مود خۆی دەشتو بەیەك مودیش دەستنوێژی دەگرت [3] پەروەردگاریش دەفەرموێ: {وَلاَ تُسْرِفُواْ إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ

---

[1] صحيح: لەباسی دەستنوێژدا تێپەڕی.

[2] متفق عليه: خ (١١٤٩/٣٤/٣)، م (٢٤٥٨/١٩١٠/٤).

[3] متفق عليه: خ (٢٠١/٣٠٤/١)، م (٥١/٣٢٥ – ١/٢٥٨).

الْمُسْرِفِينَ – الأنعام/١٤١}. زێدەڕەوی مەکەن، بێگومان خودا موسریف‌و دەست بڵاوی خۆش ناوێن.

لە ئەبو نەعامەوە ڕیوایەتکراوە: کە عەبدوڵڵای کوڕی موغەففەل گوێی لێ بوو کوڕەکەی دەیگوت (اللَّهُمَّ إِنِّى أَسْأَلُكَ الْقَصْرَ الأَبْيَضَ عَنْ يَمِينِ الْجَنَّةِ إِذَا دَخَلْتُهَا). خودایە داوات لێ دەکەم کە چوومە ناو بەهەشتەوە باڵەخانەیەکی سپیم پێ ببەخشی لەلای ڕاستی بەهەشت. وتی: کوڕەکەم! داوا لەخودا بکە بەهەشتت بداتێ، پەنا بگرە بەخودا لەدۆزەخ، من بۆخۆم لە پێغەمبەرم بیستووە دەیفەرموو: « إِنَّهُ سَيَكُونُ فِي هَذِهِ الأُمَّةِ قَوْمٌ يَعْتَدُونَ فِي الطَّهُورِ وَالدُّعَاءِ». [1] لەوەدوا لەم ئوممەتەدا کەسانێك پەیدا دەبن زێدەڕۆی دەکەن لە دەستنوێژگرتن‌و دوعاکردن‌و پاڕانەوەدا. دانەری کتێبی (عون المعبود) ١٧٠/١ دەڵێ: زانایانی شەرعزان کۆڕایان هەیە لەسەر نەیکردن لەدەستبڵاوی‌و ئیسراف کردن لە بەکارهێنانی ئاو بۆ دەستنوێژ‌و غوسڵ کردن‌و شتنەوەو لابردنی پیسی، تەنانەت ئەگەر لەسەر کەناری دەریاش بی.

ئەو شتانەی دەستنوێژ بەتاڵ دەکەنەوە

١- هەر شتێك لەپاش‌و پێش بێتەدەر لەمیزو پیسایی، یان تڕو تس‌و هەرشتێکی تر، دەستنوێژ بەتاڵ دەبێتەوە سەربەڵگەیش بۆ ئەم مەسەلەیە فەرمایشتی قورئانە کە دەفەرموێ: {أَوْ جَاء أَحَدٌ مِّنكُم مِّن الْغَآئِطِ – النساء/٤٣}. یاخود یەکێك لەئێوە لەسەر ئاو هاتەوەو بێ دەستنوێژ بوو وشەی {الْغَآئِطِ} لەبنەڕەتدا ئەو جێگەیە: کە دەستی تێدا بەئاو دەگەیەنرێ، دەردراوەکە بەهۆی هاوسێیەتیەوە بەو ناوە ناونراوە، بەپێی ئایەتەکە میزو

---

[1] صحيح (ص. د ٨٧)، د (١٦٩/٩٦و ١/١٧٠).

پیسایی بەردەکەون، کەوابوو غائیط کینایەیە لەسەرئاو کردنو دەست بەئاو گەیاندن.

هەروەها ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: « لاَ يَقْبَلُ اللّٰـهُ صَـلاَةَ أَحَـدِكُمْ إِذَا أَحْـدَثَ حَتَّـى يَتَوَضَّـأَ ». پەروەردگار نوێژی یەکێك لەئێوە قبوڵ ناکا ئەگەر بێ دەستنوێژ بوو هەتا دەستنوێژ هەڵنەگرێ. پیاوێکی ئامادە بوو، کە خەڵکی حەضرەموت بوو بە ئەبو هورەیرەی گوت: کەراوی حەدیثەیە ئایا، مەبەست بێ دەستنوێژی بوون چیە ئەی ئەبو هورەیرە؟ لەلامدا وتی: «فُسَاءٌ أَوْ ضُرَاطٌ».[1] تس یان تڕ.

هەروەها هاتنە دەرەوەی (مەنیو مەذی وەدی)ش دەستنوێژ بەتاڵ دەکەنەوە، ئاماژە بەو فەرموودەیەی لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، کە ئەم سێ شتە دەستنوێژ شکێنەی باس کردو فەرمووی: (ألمني والودي والمذي) پاشان فەرمووی: (مەنی) دەبێتە هۆی واجب بوونی غوسڵ، (وەدیو مەذی) کە هاتنە دەرەوە شەرمگای خۆتیان لێ بشۆرەوەو دەستنوێژ بگرە وەکوو دەستنوێژ گرتنت بۆ نوێژ.[2]

٢- خەوی تەواو کە بەجۆرێك بێ بەتەواوی بێ ئاگایی بەدی بێنێ جا فەرقی نیە کابرا کۆمی لەزەوی قایم کردبێو دانیشتبێ یان ڕاکشابێ. سەر بەڵگە ئەمە حەدیثی صەفوانی کوڕی عەساله، کە دەڵێ: ئەگەر ئێمە لەسەفەردا بوینایە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی پێ دەکردین: کەسێ شەو سێ ڕۆژ خوفەکانمان دانەکەنین – مەگەر تووشی لەشگرانی بوینایە – واتە: بۆ غوسڵ کردن دامان دەکەندن، بەلام شکانی

---

[1] متفق عليه: خ (١/٢٣٤/١٣٥)، هق (١/١١٧)، حم (٢/٧٥/٣٥٢) واصل الحديث عند غيرهم بدون الزيادة. م (١/٢٠٤/٢٢٥)، د (١/٨٧/٦٠)، ت (١/١٥٠/٧٦).

[2] صحيح: لەباسی شتە پیسەکاندا تێپەڕی.

دەستنوێژ بەهۆی (گوو میزو نوستنەوە) خوفەکانمان دانەدەکەندن هەر مەسحمان لەسەر دەکردن.[1] پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەربارەی ئەو شتانەی دەستنوێژ دەشکێنن (نوستنو گوو کردنو میزکردن) وەکوو دانان.

هەروەها لە ئیمام عەلییەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « الْعَيْنُ وِكَاءُ السَّهِ فَمَنْ نَامَ فَلْيَتَوَضَّأْ ».[2] چاو دەمبێنی کۆمە، هەرکاتێ چاو چووە خەو دەمبێنەکە خاو دەبێتەوە. ئەگەر کەسێك خەوی لێ کەوت، کاتێ هەڵدەستێ با دەستنوێژ بگرێتەوە، (واتە بەئاگاییو بەخەبەری پارێزگاری کۆمە، هەرچی لێ دەرچێ هەستی پێ دەکا).

٣- نەمانی عەقڵ بەهۆی سەرخۆشیو یان نەخۆشی. چونکە نەمانی عەقڵ بەم هۆیانەوە زۆر لەنوستن کاریگەرترە.

٤- دەستدان لەشەرمگا بەبێ پەردە ئەگەر بەشەهوەتەوە بوو، ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: «مَنْ مَسَّ ذَكَرَهُ فَلْيَتَوَضَّأْ».[3] کەسێك دەستی لەهینی خۆی دا دەستنوێژی دەشکێ دەبێ دەستنوێژ بگرێتەوە، ئەو فەرموودەی کە ڕستەی «وَهَلْ هُوَ إِلاَّ بَضْعَةٌ أَوْ مُضْغَةٌ مِنْكَ».[4]ی تێدا هاتووە تەئویل دەکرێ بەوە کە دەست لێدانەکە بەشەهوەتەوە نەبێ، چونکە ئەگەر بەشەهوەتەوە نەبێ دەست لێدانی حوکمی

---

[1] حسن: (ص. ن ١٢٧)، ت (١/٦٥/٩٦)، ن (١/٨٤).

[2] نیل الأطار ج١/٢٤٢.

[3] صحیح: (ص. جه ٣٨٨)، د (١/٣٠٧/١٧٩)، جه (١/١٦١/٤٧٩)، ن (١/١٠٠)، ت (١١٨٢/٥٥) بزیادة فلا یصل.

[4] صحیح: (ص. جه ٣٩٢)، د (١/٣١٢/١٨٠)، جه (١/١٦٣/٤٨٣)، ن (١/١٠١)، ن (١/٥٦/٨٥).

دەست لێدانی ئەندامەکانی تری جەستەی هەیە. ئەمما ئەگەر بەشەهوەتەوە بوو ئەوکاتە دەست لێدانەکەی ناشوبهێتە دەست لێدانی ئەندامی تر، ئەمەش شتێکە ئاشکراو روونە.[1]

٥- خواردنی گۆشتی حوشتر. خواردنی گۆشتی حوشتر دەستنوێژ دەشکێنێ. ئاماژە بەو حەدیثەی (البراء)ی کوڕی عازیب ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پێمانی فەرموو: «تَوَضَّئُوا مِنْ لُحُومِ الإِبِلِ وَلاَ تَوَضَّئُوا مِنْ لُحُومِ الْغَنَمِ».[2] لەدوای خواردنی گۆشتی حوشتر دەستنوێژ بشۆنەوە بەڵام لەدوای خواردنی گۆشتی مەڕو بزن دەستنوێژ هەڵگرتنەوە پێویست نیە.

لەجابیری کوڕی سەمورەوە ڕیوایەتکراوە: کە پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کرد، وتی: ئایا بەهۆی خواردنی گۆشتی مەڕو بزنەوە دەستنوێژ بگرمەوە؟ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « إِنْ شِئْتَ فَتَوَضَّأْ وَإِنْ شِئْتَ فَلاَ تَوَضَّأْ ». بەئارەزووی خۆت بکە، ویستت دەستنوێژ بگرەوە ویستت دەستنوێژ مەگرەوە. دوای کابرا وتی: (ئایا لەخواردنی گۆشتی حوشتر دەستنوێژ بگرمەوە؟) فەرمووی: « نَعَمْ فَتَوَضَّأْ مِنْ لُحُومِ الإِبِلِ ».[3]

ئەوشتانەی بێ دەستنوێژ نابێ ئەنجام بدرێن
(ئەو شتانەی حەرامن لەسەر بێدەستنوێژ)

---

[1] تمام المنة/١٠٣.

[2] صحيح: (ص. جه ٤٠١)، د (١/٣١٥/١٨٢)، ت (١/٥٤/٨١)، جه (١/١٦٦/٤٩٤).

[3] صحيح (مختصر م ١٤٦)، م (١/٢٧٥/٣٦٠).

١- نوێژ: ئاماژه به فەرموودەی پەروەردگار كه دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّـذِينَ آمَنُـواْ إِذَا قُمْـتُمْ إِلَـى الـصَّلاةِ فاغْـسِلُواْ وُجُـوهَكُمْ........ – المائـدة/٦}. (ئـەی بڕواداران‌و ئەوانەی ئیمانتان هێناوه هەرکاتێ هەڵسان بـۆ نوێـژ دەموچاوتان بـشۆرن......) هـەروەها ئامـاژه بـه فـەرموودەی پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسەر بێ) « لاَ يَقْبَلُ اللَّهُ صَلاَةً بِغَيْرِ طُهُورٍ». [١] پەروەردگار هیچ نوێژێك قبـوڵ ناكا بەبێ دەستنوێژ گرتن.

٢- تـەوافی كـەعبـە: ئەمـەش بـەبێ دەسـتنوێژ ئـەنجام نـادرێ، چـونكه پێغەمبەر فەرموويـەتی: « الطَّوَافُ بِالْبَيْتِ صَلاَةٌ إِلاَّ أَنَّ اللَّهَ أَحَلَّ فِيهِ الكلام». [٢] تەوافكردنی كەعبه وەكوو نوێـژ وایـه، وەلێ ئەوەنـده هەیـه خـودا قـسەكردنی تێدا حەڵاڵ كردووه.

ئەو شتانەی دەستنوێژ گرتنیان بۆ سوننەتە

١- ذیكر كردنی پەروەردگار بەگوێرەی ئـەو حـەدیثـەی (المهاجر)ی كـوڕی (قنفذ) ڕیوایەتكراوه، دەڵێ: سڵاوم له پێغەمبەر (دروودی خودای لەسـەر بـێ) كرد، لەوكاتەدا تەشریفی خـەریكی دەسـتنوێژ بـوو، تـا لەدەسـتنوێژ گرتنەكـه نەبووەوه وەڵامی سڵاوەكەی نەدایەوه، جا: كه وەڵامی دایەوەو فەرمووی: «إِنَّهُ لَمْ يَمْنَعْنِي أَنْ أَرُدَّ عَلَيْكَ إِلاَّ أَنِّي كَرِهْتُ أَنْ أَذْكُرَ اللَّـهَ إِلاَّ عَلَـى طَهَـارَةٍ ». [٣] هـیچ شتێك نەبوو كه نـەهێڵێ وەڵامـی سڵاوەكەت بدەمـەوه جگـه لـەوەی مـن پـێم ناخۆش بوو یادی خودا بكەم بەبێ دەستنوێژ.

---

[١] صحيح: لەباسی دەستنوێژ گرتندا تێپەڕی.

[٢] صحيح: (ص. ج ٣٩٥٤)، ت (٢/٢١٧/٩٦٧).

[٣] صحيح: (ص. جه ٢٨٠)، د (١/٣٤/١٧)، جه (١/١٢٦/٣٥٠)، ن (١/٣٧).

٢- پێش نوستن: ئاماژە بەو حەدیثەی (البراء)ی کوڕی عازیب ڕیوایەتی کردووەو دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویە: (هەرکاتێ چوویتە شوێنی نوستن، دەستنوێژ بگرە وەکوو دەستنوێژ گرتنت بۆ نوێژ، پاشان لەسەر لای ڕاست ڕابکشێ، پاشان بڵێ: «اللَّهُمَّ أَسْلَمْتُ وَجْهِي إِلَيْكَ ، وَفَوَّضْتُ أَمْرِي إِلَيْكَ ، وَأَلْجَأْتُ ظَهْرِي إِلَيْكَ ، رَغْبَةً وَرَهْبَةً إِلَيْكَ ، لاَ مَلْجَأَ وَلاَ مَنْجَا مِنْكَ إِلاَّ إِلَيْكَ ، اللَّهُمَّ آمَنْتُ بِكِتَابِكَ الَّذِي أَنْزَلْتَ ، وَبِنَبِيِّكَ الَّذِي أَرْسَلْتَ». خودایە من خۆم بەتۆ ئەسپارد، ڕوم کردە قاپی تۆ، کاروباری خۆم دایە دەست تۆ، بەویستی خۆمو بەناچاری پشت بەتۆ دەبەستم، هیچ پەناو مەکۆیەك نیە جگە لەپەناو مەلجەئی تۆ، هەر دەبێ ڕوو لەقاپی تۆ بکەم، خودایە ئیمانم بەقورئانی تۆ هێناوە، ئیمانم بەو پێغەمبەرە هێناوە کە ڕەوانەت کردووە «فَإِنْ مُتَّ مِنْ لَيْلَتِكَ فَأَنْتَ عَلَى الْفِطْرَةِ ، وَاجْعَلْهُنَّ آخِرَ مَا تَتَكَلَّمُ بِهِ».[1] ئەگەر تۆ ئەو شەوە بمری ئەوە لەسەر ئایینی پەسەندی ئیسلام دەمری، هەموو شەوێ ئەم وشانەی ناو ئەم پاڕانەوەیە بخەرە کۆتایی قسەکانت.

٣- لەشپیس: ئەگەر ویستی شت بخوا یان بخواتەوە، یان بنوێ یان بیەوێ جوتبوون دووبارە بکاتەوە سوننەتە دەستنوێژ بگرێ.

خاتو عائیشە ڕیوایەت دەکا دەفەرموێ: (پێغەمبەر کە لەشی گران بوایەو بیویستایە شتێك بخوا، یان بنوێ دەستنوێژی دەگرت وەکوو دەستنوێژ گرتنی بۆ نوێژ).[2]

لە عەمماری کوڕی یاسرەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ڕێگەی داوە بە لەشپیس کە ویستبێتی شتێك بخوا، یان بخواتەوە،

---

[1] متفق علیه: خ (١١/١٠٩/٦٣١١)، م (٤/٢٠٨١/٢٧١٠).

[2] صحیح: (مختصر م ١٦٢)، م (٣٠٥ – ٢٢ – ١/٢٤٨)، ن (١/١٣٨).

یان بنوێ ڕێگەی پێداوە، کە دەستنوێژ بگرێ وەکوو دەستنوێژ گرتنی بۆ نوێژ.[٣]

لە ئەبو سەعیدەوە (ڕەزای خودای لێ بێ) لە پێغەمبەرەوە ڕیوایەتدەکا، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « إِذَا أَتَى أَحَدُكُمْ أَهْلَهُ ثُمَّ أَرَادَ أَنْ يَعُودَ فَلْيَتَوَضَّأْ ».[١] ئەگەر یەکێ لەئێوە لەگەڵ خێزانی جوتبوو، دوایی ویستی دووبارەی بکاتەوە با دەستنوێژ بگرێ.

٤- پێش غوسڵ کردن سوننەتە دەستنوێژ بگری، جا غوسڵ کردنەکە سوننەت بێ یان واجب بێ. لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە غوسڵی لەشپیسی لەخۆی دەردەکرد، سەرەتا دەستی دەشتن دوایی بەدەستی ڕاستی ئاوی دەکردە دەستی چەپی‌و شەرمگای خۆی پێ دەشۆرد، پاشان دەستنوێژی دەگرت وەکوو دەستنوێژگرتن بۆ نوێژ.[٢]

٥- خواردنی هەرشتێك بەئاگر بکوڵێ‌و ببرژێ. ئەمەش بەپێی ئەو حەدیثەی ئەبو هورەیرە ڕیوایەتی کردوە، دەڵێ: لە پێغەمبەرم ژنەوت دەیفەرموو: « تَوَضَّئُوا مِمَّا مَسَّتِ النَّارُ ».[٣] هەرشتێکتان خوارد یان خواردەوە: کە بەئاگر کوڵابوو یان برژابوو دەستنوێژی لێ بگرنەوە.

ئەمە حەمل دەکرێ بۆ حاڵەتی باشە واتە (استحباب). ئەمەش بەپێی حەدیثی عەمری کوڕی ئومەییەی (الضمْری): کە دەڵێ: پێغەمبەرم بینی

---

[٣] صحيح: د (١/٣٧٥/٢٢٢).

[١] صـحيح: (ص. ج ٢٦٣)، م (١/٢٤٩/٣٠٨)، د (١/٣٧١/٢١٧)، ت (١/٩٤/١٤١)، ن (١/١٤٢)، جـه (١/١٩٣/٥٨٧).

[٢] صحيح: (مختصر م/١٥٥)، م(١/٢٥٣/٣١٦).

[٣] صحيح: (مختصر م/١٤٧)، م(١/٢٧٢/٣٥٢)، ن(١/١٠٥).

(دروودی خودای لەسەر بێ) کوتە گۆشتی لەلاشانی لاکە مەڕێك دەبڕی‌و دەیبرژاندو دەیخوارد، پاشان بانگی نوێژدرا، ئیتر هەڵساو کێردەکەی داناو نوێژی کرد، دەستنوێژی هەڵنەگرتەوە.[1]

٦- دەستنوێژ تازەکردنەوە بۆ هەموو نوێژێك. ئاماژە بە حەدیثی (بورەیدە): کە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بۆ هەموو نوێژێك دەستنوێژی تازە دەکردەوە. کە رۆژی رزگارکردنی مەککە هات دەستنوێژی گرت‌و مەسحی خوففەکانی کرد، چەند نوێژی بەیەك دەستنوێژ کرد، عومەری کوڕی خەتتاب عەرزی کرد وتی ئەی پێغەمبەری خودا! ئەتۆ ئەمڕۆ شتێکت کرد لەوەپێش نەتکردوە، فەرمووی: « عَمْدًا فَعَلْتُهُ يَا عُمَرُ ».[2] بەئەنقەست وام کرد.

٧- لەکاتی هەموو دەستنوێژ شکانێکدا دەستنوێژ بگرێتەوە ئەمەش ئاماژە بەو حەدیثی بورەیدە: کە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) شەوێك رۆژی لێ بۆوەو بانگی بیلالی کرد، پێی فەرموو: ئەی بیلال! ئەتۆ بەچی پێشم کەوتی بۆ بەهەشت؟ ئەمن دوێنێ چوومە ناو بەهەشتەوە خشپە خشپی تۆم گوێ لێ بوو لەپێشمەوە، بیلال وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! هەرکاتێك بانگم دابێ دووڕکات نوێژم کردوە، هەرکاتێ دەستنوێژم شکابێ خێرا دەستنوێژم گرتۆتەوە، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لهذا».[3] لەبەر ئەو هۆکارەبوو!

٨- دوای رشانەوە. هەرکەسێك توشی رشانەوە بوو واباشە دەستنوێژ تازەبکاتەوە، ئەمەش بەگوێرەی حەدیثەکەی مەعدانی کوڕی ئەبو طەلحە کە

---

[1] صحيح: (مختصر م/١٤٨)، م(٣٥٥ – ٩٣ – ١/٢٧٤) وهذا لفظه خ(٢٠٨/١/٣١١).

[2] صحيح: (مختصر م/١٤٢)، م(٢٧٧/١/٢٣٢)، د(١٧١/١/٢٩٢)، ت(٦١/١/٤٢)، ن(١/٨٦).

[3] صحيح: (ص.ج/٧٨٩٤)، ت(٣٧٧٣/٢٨٢/٥).

لەئەبو (الدرداء) ریوایەتی کردوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) رشایەوە رۆژوەکەی شکاندو دەستنوێژی گرتەوە... لەمزگەوتی دیمەشق توشی (ثەوبان) بووم‌و ئەوەم بۆ باسکرد، وتی راستە من خۆم ئاوی دەستنوێژم بەدەستی دا کرد.[١]

٩- دوای هەڵگرتنی جەنازە، هەرکەسێ جەنازەی هەڵگرت واباشە دەستنوێژ تازەبکاتەوە. بەگوێرەی فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: (مَنْ غَسَّلَ مَيِّتًا فَلْيَغْتَسِلْ). کەسێك مردوی شت بادوایی غوسڵ بکا « وَمَنْ حَمَلَهُ فَلْيَتَوَضَّأْ ». کەسێك جەنازەی هەڵگرت با دەستنوێژ بشواتەوە.[٢]

مەسحکردن لەسەر خوفف

ئیمامی نەوەوی لەشەرحی موسلیم (ج٣/١٦٤)دا، دەفەرموێ: ئەو زانا موسوڵمانانەی راوبۆچونیان بەهەند وەردەگیرێ کۆڕایان هەیە لەسەر ئەوە مەسح لەسەر خوفف دروستە، لەسەفەردا بێ یان لەماڵەوە بێ، ئایا بۆ پێویستی بێ یان بەبێ پێویستی. تەنانەت دروستە بۆ ئافرەتێك هەر لەماڵەوە بێ، یان کەسێك شەلەل لێی دابێ‌و نەتوانێ لەماڵ دەرچێ بۆی رەوایە مەسح لەسەر خوففەکانی بکا. تەنها شیعەو خەواریج ئینکاری مەسح لەسەر خوف دەکەن راجیایی‌و ئینکاریکردنیان چ گرنگیەکی نیە.

---

[١] صحيح الاسناد، (تمام المنة ص/١١١)، ت(١/٥٨/٨٧)، د(٧/٨/٢٣٦٤) وليس فيه (توضأ).

[٢] صحيح: (الجنائز/٥٣)، حم(٢/١٤٥/٤٨٦)، حب(١٩١/٧٥١)، هق(١/٣٠٠)، ت(٢/٩٩٨/٢٣١) بەرواڵەت خیطابەکە ئەمرە، ئەمریش وجوب دەگەیەنێ بەلام ناتوانین بڵێین: ئەمرەکە بۆ وجوبە لەبەرئەو حەدیثەی ئیبنو عباس کە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لَيْسَ عَلَيْكُمْ فِي غَسْلِ مَيِّتِكُمْ غُسْلٌ إِذَا غَسَّلْتُمُوهُ ، إِنَّهُ مُسْلِمٌ مُؤْمِنٌ طَاهِرٌ ، وَإِنَّ الْمُسْلِمَ لَيْسَ بِنَجِسٍ ، فَحَسْبُكُمْ أَنْ تَغْسِلُوا أَيْدِيَكُمْ ». رواه ك(١/٣٨٦).

حەسـەنی بەصـری دەفـەرموێ: حـەفتا کـەس لـە هـاوەڵانی پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بۆیان باسکردوم: کە پێغەمبـەر مەسحی لەسەر خوفقەکانی دەکرد.

باشترین شتێك کە بەڵگەبێ لەسەر ئەوەی: کە مەسحکردن لەسەر خوفف دروستە ئەو حەدیثەیە: کەئیمامی موسلیم لە ئەعمەشەوە لە ئیبراهیمەوە، لە هەممامەوە ڕیوایەتی کردوە، دەڵێ: جەریر میزی کرد، پاشان دەستنوێژی گرتو مەسحی لەسـەر خوفقـەکانی کـرد، پێـی گـوترا: ئـەوە وادەکەی؟ وتـی: بەڵێ، من بۆ خۆم پێغەمبـەرم بینیـوە میزی کـرد پاشان دەستنوێژی گـرتو مەسحی لەسەر خوفقەکانی کرد. ئەلئەعمەش دەڵێ: ئیبراهیم وتـی: هاوەڵان ئەم حەدیثەیان بـەلاوە سـەرنج ڕاکێش بـوو، چونکە موسوڵمانبونی جەریر دوای نازڵبوونی سورەتی (المائدة) بووە.[1]

ئیمامی نەوەوی دەڵێ مەعنای ئەم قسەیە ئەوەیە: پەروەردگار لەسورەتی (المائـدة)دا دەفـەرموێ: {فَاغْـسِلُوا وُجُـوهَكُمْ وَأَيْـدِيَكُمْ إِلَـى الْمَرَافِـقِ وَامْـسَحُوا بِرُءُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ – المائـدة/٦}. ئەگـەر موسـوڵمانبوونی جـەریر پێش نازڵبوونی سورەتی (المائدة) بوایە دەگونجا بگوترێ: مەسحکردن لەسـەر خوفـف بـە ئایەتەکـە سـڕاوەتەوە، بـەڵام چونکە ئیـسلامبوونی جـەریر لـەدوا نـازڵبوونی سـورەتی (المائـدة)یـە، دڵنیـاین لـەوەی کـە حـەدیثـەکـەی جـەریر دەربارەی مەسح کاری پێ دەکرێو ئـەوە دەگەیـەنێ کە مەبەسـت بـە ئایـەتی (المائـدة) کەسێکە: کـە خـوففی لەپێدا نـەبێ، کـەوابوو حـەدیثـەکـە دەبێتـە (مخصص) بۆ ئایەتەکە. (والله اعلم).[2]

---

[1] صحيح: (مختصر م/١٣٦)، م(١/٢٢٧/٢٧٢)، ت(١/٦٣/٩٣).

[2] شرح مسلم ج/٣/١٦٤.

مەرجەکانی مەسحکردن لەسەر خوفف

بۆئـەوەی مەسـحکردن لەسـەر خوفـف دروسـت بـێ، دەبـێ پـێش ئـەوەی خوفـەکان لـەپێ دەکـا دەسـتنوێژی هـەبێ، واتـە: دەبـێ پـێش لـەپێ کردنیـان دەستی بە دەستنوێژ بێ.

لـە (ألمغـیرە)ی کـوڕی شـوعبەوە ڕیوایـەتکراوە، دەڵـێ: لـە سـەفەرێکدا لەخزمـەت پێغەمبـەردا بـووم، لـە مەسـینەیەکدا ئـاوم بەدەسـتی‌دا کـرد بـۆ دەستنوێژ شتن، ڕوخساری شت، قۆڵو باسکی خۆی شتن، مەسحی سـەری کـرد، پاشان مـن داهاتمـەوە خوفـەکانی لـەپێ دابکـەنم، فـەرمووی: « دَعْهُمَـا ، فَإِنِّي أَدْخَلْتُهُمَا طَـاهِرَتَيْنِ ».[1] وازیـان لێ بێنـە، مـن کاتـێ لـەپێم کـردون دەسـتنوێژم هەبوو، بەدەستی بە دەستنوێژەوە لەپێم کردون.

ماوەی مەسح لەسەر خوف

لەعەلی کوڕی ئـەبو تالیبـەوە ڕیوایـەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر بێ) مـاوەی مەسـحکردنی بـۆ مەسـافیر سـێ شـەو سـێ ڕۆژو بـۆ نیشتەنی شەو ڕۆژێکی داناوە.[2]

شوێنی مەسحو چۆنیەتیەکەی

ئەوەی مەشروعو ڕەوایە مەسح بکرێ ئەو بەشەی خوففە کـە دەکەوێتـە پشتەپێو بەشی سەرەوەیەتی. ئاماژە بەوتەی ئیمـام عـەلی: کـە فەرموویـەتی: ئەگەر ئایین بەرەئیی بوایە لای ژێرەوەی خـوف شـیاوتر بـوو بەمەسـح لـەلای

---

[1] متفق علیه: م(٢٧٤-٧٩-١/٢٣٠). خ(٢٠٦/١/٣٠٩) مختصراً.

[2] صحیح (مختصر م ١٣٩)، م (١/٢٣٢/٢٧٦)، ن (١/٨٤).

سەرەوەی. بێگومان من پێغەمبەرم بینیوە مەسحی لای سەروی خوفەکانی دەکرد[1] ئەوەی پێویستو واجبە لە مەسحدا ئەوەیە پێی بگوترێ مەسح.

مەسحکردن لەسەر گۆرەویو نەعل

وەکوو چۆن دروستە مەسحکردن لەسەر خوف، هەرئاوایش دروستە مەسح لەسەر گۆرەویو نەعل بەپێی حەدیثەکەی (ألمغيرة)ی کوڕی شوعبە: کە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەستنوێژی گرت لەسەر گۆرەویو نەعل مەسحی کرد.[2]

لە عوبەیدی کوڕی جورەیجەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: بە ئیبنو عومەر گوترا: بینیمانی شتێکت دەکرد جگە لەتۆ کەسی ترمان نەبینیوە ئەوکارە بکا!؟ وتی: کام کارە؟ وتیان بینیمانی ئەم نەعلی (سەبتییانە) لەپێ دەکەی، وتی: من بۆ خۆم پێغەمبەرم بینی لەم جۆرە نەعلەی لەپێ دەکردو دەستنوێژی پێوە دەگرتنو مەسحی لەسەر دەکردن.[3]

ئەوەی مەسح بەتاڵ دەکاتەوە

مەسحکردن لەسەر خوف بەسێ شت بەتاڵ دەبێتەوە:

١- تەواوبوونی ماوەکە. چونکە مەسح بۆ کاتێکی دیاریکراوە کە کاتەکەی تەواو بوو، ئیتر دروست نیە ماوەکە درێژ بکەینەوە بۆ زیاتر.

٢- لەشگرانبوون، ئاماژە بە حەدیثی صەفوان؛ کە بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی پێ دەکردین – ئەگەر

---

(١) صحيح: (الإرواء/١٠٣)، د(١/١٦٢/٢٧٨).

(٢) صحيح: (الإرواء/١٠١)، د(١٥٩/٢٦٩/١)، ت(٩٩/٦٧/١)، جة(٥٥٩/١٨٥/١).

(٣) اسناده صحيح (ص.خز/١٩٩)، هق(١/٢٨٧).

لەسەفەردا بوینایە – کە سێ شەوو سێ رۆژ خوفەکانمان دانەکەنین مەگەر توشی حاڵەتی لەشگرانی بوینایە، ئەگینا بۆ مێزو گوو نوستن دامان نەدەکەندن تەنها مەسحمان لەسەر دەکردن.[1]

٣- داکەندنی خوفەکان لەقاچەکانی. چونکە ئەگەر دایکەندن‌و دوایی لەپێی کردنەوە، لەپێ کردنەوەی خوفەکان لەسەر دەست بە دەستنوێژی نابێ ئەوکاتەی لەپێیان دەکاتەوە دەستنوێژی نیە.

فائیدەیەک: بەسەرچوونی ماوەی مەسحکردن یان داکەندنی خوفەکان لەقاچ، حوکمی مەسحەکە بەتاڵ دەکاتەوە، دروست نیە مەسح بکا هەتا سەرلەنوێ دەستنوێژ دەگرێتەوەو قاچەکانی دەشوا، پاشان خوفەکانی لەپێ بکاتەوە. بەڵام ئەگەر لەکاتی داکەندنی خوفەکانی‌دا دەستنوێژی مابوو، یان ماوەکە بەسەرچوو دەستنوێژی نەشکابوو، ئەوە دەستنوێژەکەی باقییەو دەتوانێ چەندێکی بوێ نوێژبکا تا دەستنوێژی دەشکێ..

فائیدەیەک: کەسێك جوتێکی گۆرەوی لەسەر پاکی‌و دەست بە دەستنوێژەوە لەپێ کرد، دوایی مەسحی لەسەر کردن، دوای مەسح لای ژوروی خوفەکانی لادا بۆی رەوایە بە مەسح کردن لەسەر لای خواروی خوفەکان ماوەی مەسح کردن درێژە پێ بدا تاماوەی شەرعی تەواو دەبێ مەسحی لای خواروی خوففەکانی بکا، چونکە ئەوە دەتواندرێ پیی بگوترێ: قاچی بە پاکی‌و بە دەستنوێژەوە خستوونە ناو خوففەوە. بەڵام ئەگەرگۆرەوییەکی لەپێ کردو مەسحی لەسەر کرد، پاشان گۆرەوییەکی تری لەقاچەکەی تری کردو مەسحی لەسەر نەکرد، ئەو حاڵەتە ناگونجێ پێی بگوترێ: کە بە دەستنوێژەوە گۆرەوی لەپێ کردوە.[2]

---

[1] حسن (الإرواء/١٠٤)، ت(١/٦٥/٩٦)، ن(١/٨٤).

[2] ئەمە پوختەی رای ئەلبانییە.

غوسڵ کردن
ئەوشتانەی غوسڵ پێویست دەکەن

١- هاتنەدەرەوەی (مەنی) چ بەئاگابێ یان نوستوو بێ. چونکە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: (إِنَّمَا الْمَاءُ مِنَ الْمَاءِ).[1] واتە خۆشۆردنو غوسڵ کردن بەهۆی هاتنەوەی (تۆماوە)وە دەبێ.

لە ئوممو سەلەمەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: ئوممو سولەیم گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! شەرع شەرمی پێ ناوێ (خودا شەرم لەحەق ناکا). ئایا ئافرەت ئەگەر ئیحتیلامی بوو ئاوی هاتەوە، خۆشۆردنی لەسەر پێویست دەبێ؟ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: بەڵێ: ئەگەر ئاوی بینی (واتە: ئەگەر ئاوی هاتەوە).[2]

ئەگەر ئاو هاتنەوەکە لەحاڵەتی بەخەبەریدا بوو مەرجە دەبێ بەشەهوەتو لەزەتەوەبێ، بەڵام ئەگەر نوستوبوو ئەوە مەرج نیە. ئەمەش بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە دەفەرموێ: «إِذَا حَذَفْتَ فَاغْتَسِلْ مِنَ الْجَنَابَةِ وَإِذَا لَمْ تَكُنْ حَاذِفاً فَلاَ تَغْتَسِلْ».[3] ئەگەر ئاو هاتنەوەکەت بە فیچقە بوو ئەوە غوسڵی لەشپیسی لەخۆت دەربکە بەڵام ئەگەر ئاو هاتنەوەکەت بە فیچقە نەبوو غوسڵ مەکە. (واتە: غوسلت لەسەر واجب نابێ).

ئیمامی شەوکانی دەفەرموێ: وشەی (ألحذف) لێرەدا بەمانا ئاو فڕێدانە، ئەمەش بە شەهوەتەوە نەبێ نایەتەدی. بۆیە (ألصنف) دەفەرموێ: ئەمە

---

[1] صحيح: (مختصر م/١٥٢)، م(١/٢٧١/٣٤٨).

[2] متفق عليه: خ(١/٢٢٨/١٣٠)، م(١/٢٥١/٣١٣)، ت(١/١٨٠/١٢٢).

[3] اسناده حسن صحيح (الإرواء/١/١٦٢)، حم(١/٢٤٧/٨٢).

ئاگادارکردنەوەی ئەوەی تێدایە کە ئاو هاتنەوەی بێ شەهوەتو بێ فیچقە بەهۆی نەخۆشی یان سەرما نابێتە هۆی غوسڵ واجب بوون.

کەسێك ئیحتیلامی بوو واتە: لەخەودا وایزانی ئاوی هاتۆتەوە، بەڵام کە بەخەبەر هات هیچ تەڕاییەکی بەخۆیەوە هەست پێ نەکرد ئەوە غوسڵی لەسەر پێویست نابێ. کەسێك تەڕایی بەخۆیەوە بینی بەڵام لەیادی نەمابوو کە ئیحتیلامی بووە ئەوە لەسەری واجبە غوسڵ بکا.

لەخاتو عائیشە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: لە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پرسیارکرا دەربارەی پیاو کە لەخەو هەڵسێو تەڕایی بەخۆیەوە ببینێو هیچ ئیحتیلام بوونی لەیاد نەمابێ. فەرمووی: دەبێ غوسڵ بکا. هەروا پرسیاری لێ کرا لەپیاوێك ئیحتیلامی ببێ بەڵام هیچ تەڕایی بەخۆیەوە نەبینێ، فەرمووی: غوسڵی لەسەر نیە.[1]

٢- جیماع با ئاویشی نەیەتەوە. لە ئەبو هورەیرە ڕیوایەتکراوە، کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِذَا جَلَسَ بَيْنَ شُعَبِهَا الأَرْبَعِ ثُمَّ جَهَدَهَا ، فَقَدْ وَجَبَ الْغُسْلُ وإن لم ينزل».[2] هەرکاتێ پیاو لەناو لنگی ئافرەت دانیشتو پاڵی بە سونەتگای خۆیەوە نا بۆناو هینی ئافرەتەکە ئەوە غوسڵ واجب دەبێ لەسەر هەردوکیان جا ئاویان بێتەوە یان نا.

٣- کافر موسوڵمان بێ دەبێ غوسڵ بکا. لە (قەیسی کوڕی عاصیم)ەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: موسوڵمان بووم پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی پێکردم کە غوسڵ بکەم خۆم بە ئاوو سیدر بشۆم.[3]

---

[1] صحيح: (ص.د/٢١٦)، ت(١/٧٤/١١٣)، د(١/٣٩٩/٢٣٣).

[2] صحيح (مختصر م/١٥٢)، م(١/٢٧١/٣٤٨).

[3] صحيح: (الإرواء/١٢٨)، ن(١/١٠٩)، ت(٢/٥٨/٦٠٢)، د(٢/١٩/٣٥١).

٤- وەستانی خوێنی حەیزو خوێنی پاش منداڵ دەبنە هۆکاری واجیبونی غوسڵ. ئەمەش بەگوێرەی حەدیثی عائیشە کە دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بە (فاطیمەی کچی ئەبو حوبەیش)ی فەرموو: «فَإِذَا أَقْبَلَتِ الْحَيْضَةُ فَدَعِي الصَّلاَةَ ، وَإِذَا أَدْبَرَتْ فَاغْتَسِلِي وَصَلِّي ».[1] ئەگەر عادەی مانگانەکەت بۆ هاتەوەو بێ نوێژ بووی واز لەنوێژکردن بێنە، کە لەبێ نوێژی وەستایەوەو عادەی مانگانەت تەواوبوو غوسڵ لەخۆت دەربکەو نوێژ بکە. خوێنی پاش منداڵبوون وەکوو خوێنی عادەی مانگانە وەهایە، بەکۆڕای زانایانی شەرع.

٥- خۆشۆردنی رۆژی هەینی. لەئەبو سەعیدی (ألخدری)یەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «الْغُسْلُ يَوْمَ الْجُمُعَةِ وَاجِبٌ عَلَى كُلِّ مُحْتَلِمٍ».[2] غوسڵ کردن لەرۆژی جومعەدا لەسەر هەموو مرۆڤێکی رەسیدە پێویستە.

ئەرکانو پلەکانی غوسڵ دوو شتن

١- نیەتهێنان، ئاماژە بە حەدیثی (إِنَّمَا الأعمال بالنيات)[3] کردەوە بەگوێرە نیازە.

٢- دەبێ ئاو بەسەر هەموو جەستەیدا بڕوا.

---

[1] متفق عليه: خ(٣٢٠/٤٢٠/١)، م(٣٣٣/٢٦٢/١)، د(٢٧٩/٤٦٦/١)، ت(١٢٥/٨٢/١)، ن(١٨٦/١) والفاظهم غير البخارى (فاغتسلى عنك الدم).

[2] متفق عليه: خ(٨٧٩/٢/٣٥٧، م(٨٤٦/٥٨٠/٢، د(٣٣٧/٤، ٥/٢)، ن(٩٣/٣)، جة(١٠٨٩/٣٤٦/١).

[3] متفق عليه: لەباسی مەرجەکانی صیحەتی نوێژدا رابورد.

شێوەی پەسەند بۆ چۆنیەتی غوسڵ کردن

لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەری خودا کە غوسڵی لەشگرانی لەخۆی دەردەکرد، سەرەتا هەردوو دەستی دەشۆردن، پاشان بەدەستی ڕاستی ئاوی دەکردە دەستی چەپیو شەرمگای خۆی دەشۆرد، پاشان دەستنوێژی دەگرت وەکوو دەستنوێژ گرتنی بۆ نوێژ، پاشان ئاوی هەڵدەگرتو بەهۆی پەنجەکانیەوە هەوڵی دەدا بنکی مووی جەستەی تەڕ ببێ، هەتا دەگەیشتە ئەو قەناعەتە: کە بنکی مووەکان تەڕبووە، ئەمجار سێ مست ئاوی بەسەری خۆیدا دەکرد، پاشان ئاوی بەسەر هەموو جەستەی خۆیدا دەکرد، پاشان هەردوو قاچی دەشۆردن.[1]

دەستنوێژ گرتن پێش غوسڵ سوننەتێکی گەورەیە. جا کەسێك پێش غوسڵ دەستنوێژ بگرێ ئەوە دەق سوننەتی پێغەمبەری پەیڕەوکردوە. کەسێکیش دەستنوێژی نەگرت ئەوە گوناحی ناگاتێ، بێگومان پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) وابووە دەستنوێژ گرتنی پێش غوسڵی تەرك کردوە.

لە موحەممەدی (ألباقر)ەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: جابیر پێی گوتم: کوڕی مامت هاتە لام – مەبەستی حەسەنی کوڕی موحەممەدی کوڕی (ألحنفیە) بوو – پێی گوتم: ئەرێ غوسڵ کردنی لەشگرانی چۆنە؟! وتم: پێغەمبەری خودا کە غوسڵی دەکرد سێ مست ئاوی هەڵدەگرت بەسەر سەری خۆیدا دەکرد، پاشان ئاوی بەسەر هەموو جەستەی خۆیدا دەکرد.[2]

---

[1] متفق علیه: خ(٢٤٨)، م(٣١٦).

[2] متفق علیه: خ(١/٣٦٨/٢٥٦)، م(١/٢٥٩/٣٢٩).

کەسێك غوسڵی کرد، دەستنوێژی پێش غوسڵ بگری یان نەیگرێ، بۆی هەیە دوای غوسڵ کردنەکە چەندێك بیەوێ نوێژ بکا، هەر بە غوسڵکردنەکە دەبێتە خاوەن دەستنوێژو پێویست ناکا دەستنوێژ بگرێ.

لە خاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دوای غوسڵ کردنی لە لەشگرانی دەستنوێژی نەدەگرتەوە.[1]

لەفظی ئەبو داوود بەم شێوەیە (كَانَ رَسُولُ اللَّهِ –صلى الله عليه وسلم– يَغْتَسِلُ وَيُصَلِّى الرَّكْعَتَيْنِ وَصَلاَةَ الْغَدَاةِ وَلاَ أُرَاهُ يُحْدِثُ وُضُوءًا بَعْدَ الْغُسْلِ).[2]

فائیدەیەك: پێویست نیە لەسەر ئافرەتی لەشگران لەکاتی غوسڵ کردندا کەپرچی هۆنراوەی خۆی شل بکاتەوە، بەڵام ئەگەر عوسڵ کردنەکەی بۆ پاکبوونەوە لەبێ نوێژیو خوێنی پاش منداڵ بوون بوو ئەوە دەبی پرچە هۆنراوەکانی بکاتەوە.

لە ئوممو سەلەمەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: عەرزی پێغەمبەری خودام کرد، وتم: من ئافرەتێکم پرچی خۆم دەهۆنمەوە، ئایا بۆ غوسڵی لەشگرانی پرچەکانم لێك بکەمەوە؟ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لاَ إِنَّمَا يَكْفِيكِ أَنْ تَحْثِي عَلَى رَأْسِكِ ثَلاَثَ حَثَيَاتٍ ثُمَّ تُفِيضِينَ عَلَيْكِ الْمَاءَ

---

[1] رواه أصحاب السنن، واللفظ لإبن ماجه.

[2] صحيح: (ص. جه: ٤٧٠)، جه (١/١٩١/٥٧٩)، د (١/٤٢٥/٢٤٧)، ن (١/١٣٧)، ت (١/٧٢/١٠٧)، دەڵێ: (وهذا قول غير واحد من أهل العلم أصحاب النبى (ص) والتابعين ان لايتوضأ بعد الغسل).

فَتَطْهُـرِينَ ».[1] نـا، ئەوەنـدەت بەسـە: کەسـێ مـست ئـاو بەسـەر سـەری خۆتـدا بکەی، پاشان ئاو بە باقی جەستەی خۆتدا بکەی‌و پاك دەبێتەوە.

لە خاتو عائیشەوە ریوایەت کراوە دەفەرموێ: خاتو ئەسماء پرسیاری لـە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) کـرد، دەربـارەی غوسـڵ کـردن لـەبێ نوێژی، پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) فـەرمووی: « تَأْخُـذُ إِحْـدَاكُنَّ مَاءَهَا وَسِدْرَتَهَا فَتَطَهَّرُ فَتُحْسِنُ الطُّهُورَ ثُمَّ تَصُبُّ عَلَى رَأْسِهَا فَتَدْلُكُـهُ دَلْكًـا شَـدِيدًا حَتَّى تَبْلُغَ شُئُونَ رَأْسِهَا ثُمَّ تَصُبُّ عَلَيْهَـا الْمَـاءَ. ثُـمَّ تَأْخُـذُ فِرْصَـةً مُمَـسَّكَةً فَتَطَهَّـرُ بِهَا ».[2] یەکێك لەئێوە ئاوو سیدری خۆی ئامادە دەکا، خۆی دەشواو خۆی پاك دەکاتەوە، پاشان ئاو بەسەر سـەری خۆیـدا دەکا، بەتونـدی دەسـت بـەناو قـژی خۆیدا دێنێ‌و بە پەنجـەکانی هەوڵبـدا بنکی مووەکانی تـەڕ بـێ، ئـەمجار ئـاو بەسەری خۆیدا بکا، پاشان پارچە قوماشێك لۆلۆ بکـاو بیکاتـە تۆپەوانـەو نـاو لەشـی خـۆی پـێ پـاك بکاتـەوە) ئـەسماء وتـی: چـۆن پاکردنـەوە بـەو پارچـە قومـاش‌و لۆکەیـە بکـا؟ پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) فـەرمووی: «سُبْحَانَ اللَّهِ تَطَهَّرِينَ بِهَا ». سوبحانەللا، خۆی پی پاك بکاتـەوە، خـاتو عائیـشە دەفەرموێ: ئـەسماء دەیویـست ئـەو باسـە تـۆزی بـەنهێنی لـەژێر پـەردەدا رون بکاتەوە، واتە بەدواداچوون بکا بۆ شوێنەواری خوێنەکە.

هـەروا پرسـیارم لێ کـرد دەربـارەی غوسـڵی لەشـگرانی پێـی فـەرمووم: «تَأْخُذُ مَاءً فَتَطَهَّرُ فَتُحْسِنُ الطُّهُورَ أَوْ تُبْلِغُ الطُّهُورَ ثُمَّ تَـصُبُّ عَلَـى رَأْسِـهَا فَتَدْلُكُـهُ

---

[1] صحيح: (ص.جـة: ٤٧٠)، جـة(١/١٩١/٥٧٩)، د(١/٤٢٥/٢٤٧)، ن(١/١٣٧)، ت(١/٧٢/١٠٧)، دةلَآ: (وهذا قول غير واحد من أهل العلم اصحاب النبي (ص) والتابعين ان لاَ إلـهَ إلاَّ اللهَ يتوضأ بعد الغسل).

[2] صـحيح: (الإرواء ١٣٦)، م (١/٢٥٩/٣٣٠)، د (١/٤٢٦/٢٤٨)، ن (١/١٣١)، ت (١/٧١/١٠٥)، جـه (١/١٩٨/٦٠٣).

حَتَّى تَبْلُغَ شُئُونَ رَأْسِهَا ثُمَّ تُفِيضُ عَلَيْهَا الْمَاءَ». [١] ئاو هەڵدەگرێ: خۆ دەشۆرێ، یان جوان خۆی دەشۆرێ، پاشان ئاو بەسەری خۆیدا دەکاو دەست دەخاتە ناو قژەکانیەوەو دەیانهێنێ و دەیانبا بەناویاندا بۆ ئەوەی بنکی قژەکانی تەڕ ببن، ئەمجار باش ئاو دەکا بەسەر قژەکانیدا.

ئەم فەرموودەیە بەئاشکرا ئەوە دەگەیەنێ کە جوداوازی هەیە لەنێوان غوسڵی ئافرەت بۆ لەشگرانیو غوسڵی بۆ پاکبوونەوە لەخوێنی عادەی مانگانەو خوێنی پاش منداڵ بوون، ئەوەتا حەدیثەکە ئەوە دووپات دەکاتەوە کەپێویستە ئافرەتی پاکبۆوە لەخوێنی عادەی مانگانە کەزێدەرەوی بکا لەدەست پێداهێنانو پەنجە خستنە ناو قژەکانیەوەو خۆ شۆردنی تەواوو خۆ پاککردنەوە لەچڵکو پیسی مادیو مەعنەوی بەجۆرێك کە بۆ خۆشۆردنی لەشگرانی ئەو جەختەی نەکردۆتەوە. هەروەکوو چۆن حەدیثەکەی ئوممو سەلەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کەپێویست نیە لەغوسڵی لەشگرانیدا پرچی هۆنراوەی خۆی بکاتەوە. [٢]

ئەصڵو بنەما وایە ئافرەت بۆ غوسڵ پرچەکانی بکاتەوە، بۆ ئەوەی دڵنیا بێ، کە بنکی مووەکان تەڕ بووەو ئاویان پێکەوتووە، وەلێ لەغوسڵی لەشگرانیدا عەفوی لێدراوە، لەبەر زۆر دووبارە بوونەوەیو ئەرکێکی زۆرە هەموو جارێ بۆ خۆشۆردنی لەشپیسی پرچی هۆنراوەی بکاتەوە، بەپێچەوانەی غوسڵ کردنی بەهۆی عادەی مانگانەوە، ئەمەیان مانگی جارێك ڕوو دەدا. [٣]

---

[١] صحیح: (مختصر م ١٧٢)، م (٣٣٢ – ٦١/١/٢٦١).

[٢] تهذیب سنن ابی داود لإبن القیم (١/١٦٧/١٦٦) بەدەست لێدانەوە.

[٣] تهذیب سنن ابی داود والإبن القیم (١/١٦٧/١٦٦) بەدەست لێدانەوە.

فائیدەیەک: دروستە بۆ ژنو مێرد کە لەیەك شوێندا غوسڵ بکەنو شەرمگای یەکتریش ببینن، ئاماژە بەقسەی خاتو عائیشە کە دەڵێ: منو پێغەمبەری خودا لەیەك تەشت ئاوی خۆشۆردنمان هەڵدەهێنجاو هەردوکیشمان لەشگران بووین.[1]

غوسڵە سونەتەکان

١- غوسڵ کردن لەدوا هەموو جوتبوونێك؛ ئەمەیش بەگوێرەی حەدیثی ئەبو رافیع: کە دەڵێ: شەوێك پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بەسەر خێزانەکانیدا گەڕاو لەگەڵیان جوتبوو دوای هەموو جوتبوونێك غوسڵی کردا دەڵێ گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا! بۆ یەك غوسڵ بۆ هەموویان ناکەی؟ فەرمووی: «هَذَا أَزْكَى وَأَطْيَبُ وَأَطْهَرُ».[2] ئەم شێوازە پاکترو پەسەندترە.

٢- خۆشۆردنی ئافرەتی هەمیشە خوێن (موستەحاضە) بۆ هەموو نوێژێك یان بۆ نوێژی نیوەڕۆو عەصر غوسڵێكو بۆ نوێژی شێوانو خەوتنان خۆشۆردنێكو بۆ نوێژی بەیانیش خۆشۆردنێك، ئەمەیش بەگوێرەی حەدیثی خاتو عائیشە: کە دەفەرموێ: ئوممو حەبیبە لەسەردەمی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێ) توشی حاڵەتی هەمیشە خوێنی بوو، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمانی پێ کرد کە بۆ هەموو نوێژێك غوسڵ بکا............[3]

لەڕیوایەتێکی تردا هەر لەخاتو عائیشەوە دەفەرموێ: لەسەردەمی پێغەمبەردا ئافرەتێك کەوتە حاڵەتی هەمیشە خوێنییەوە، ئیتر فەرمانی پێ

---

[1] متفق علیه م (١/٢٥٦/٣٢١)، خ (١/٣٧٤/٢٦٣)، ن (١/١٢٩).

[2] حسن (ص. جه ٤٨٠)، د (١/٣٧٠/٢١٦)، جه (١/١٩٤/٥٩٠).

[3] صحیح: (ص. د ٢٦٩)، د (١/٤٨٣/٢٨٩).

كرا كە بۆ نوێژی عەصر عەجەلە بکاو بۆ نوێژی نیوەڕۆ خۆی دوابخا، واتە: نوێژی نیوەڕۆ لەدوا کاتیداو نوێژی عەصر لەسەرەتای کاتیدا بکاو بۆ هەردوو نوێژەکە یەکجار غوسڵ بکا، نوێژی شێوان دوابخاو نوێژی خەوتنان لەسەرەتای کاتەکەیدا بکاو بۆ هەردووکیان یەکجار خۆی بشوا، بۆ نوێژی بەیانیش یەك غوسڵ بکا.[1]

٣- غوسڵ کردن دوای بێهۆشبوون، کەبە ئاگا هاتەوە سوننەتە غوسڵ بکا، بەپێی حەدیثەکەی خاتو عائیشە کە دەفەرموێ: پێغەمبەری خودا لە نەخۆشییەکەیدا قورساییەکی بەسەردا هات، کە بەئاگا هاتەوە فەرمووی: {أصلى الناس؟} ئەرێ موسوڵمانان نوێژیان کرد؟ وتمان نەخەیر ئەوان چاوەڕوانی جەنابتن ئەی پێغەمبەری خودا! فەرمووی: ئاوم بۆ بکەنە تەشتەوە، عائیشە دەفەرموێ: ئێمەیش داواکەیمان بەجێ هێنا، تەشریفی خۆی شت، پاشان بەناڕەحەتیو داهێزان هەڵسا بچێ نوێژ بکا، بێهۆشی بەسەردا هات، پاشان بەهۆش خۆی هاتەوە، فەرمووی: ئەرێ خەڵکەکە نوێژیان کرد؟ عەرزمان کرد نەخەیر، ئەوان چاوەڕوانی جەنابتن ئەی پێغەمبەری خودا! فەرمووی: ئاوم بۆ بکەنە تەشتەوە خۆم دەشۆرم، ئێمەیش بۆمان جێبەجێ کرد، خۆی شۆرد، پاشان هەڵسا بەناڕەحەتی بچێ نوێژەکەی بکا، دووبارە بێ هۆش بۆوە، پاشان بەئاگا هاتەوە، فەرمووی: {أصلى الناس؟} ئەرێ خەڵکەکە نوێژیان کرد؟ وتمان نەخەیر، ئەوان چاوەڕوانی جەنابتن ئەی پێغەمبەری خودا! ئەمجار خاتو عائیشە باسی ئەوە دەکا کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) ناردی بۆلای حەزرەتی ئەبو بەکر کە پێشنوێژی بۆ موسوڵمانان بکا، هەروا خاتو عائیشە تەواوی فەرموودەکەی گێڕاوەتەوە[2]

---

[1] صحيح: (ص. د ٢٧٣)، د (١/٤٨٧/٢٩١)، ن (١/١٨٤).

[2] متفق عليه: م (١/٣١١/٤١٨)، خ (١/١٧٢/٦٨٧).

٤- خۆشۆردن بەهۆی ناشتنیناموسوڵمانەوە، بەپێی ئەو فەرموودەی حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبو تالیب ریوایەتی کردووە، کە گوایە هاتۆتە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) وتویەتی: ئەبو طالیب مرد، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پێی فەرمووە: برۆ بیشارەوە (بینێژە) جا عەلی دەڵێ کە ژێر خاکم کرد، هاتمەوە بۆ خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پێی فەرمووم غوسڵ بکە.[١]

٥- غوسڵی دوو جەژن (جەژنی رەمەزان‌و جەژنی قوربان) غوسڵی رۆژی عەرەفە. لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە ئیمامی بەیهەقی ریوایەتی کردووە لەرێگەی شافیعی‌یەوە لە زازانەوە، دەڵێ پیاوێك پرسیاری لە ئیمامی عەلی کرد دەربارەی غوسڵ، ئەویش لەوەڵامدا وتی: ئەگەر حەزت لێیە هەموو رۆژێك غوسڵ بکە، وتی: نا من مەبەستم ئەو غوسڵەیە کەپێی دەگوترێ غوسڵ. فەرمووی: غوسڵی رۆژی جومعە، رۆژی عەرەفە، رۆژی جەژنی قوربان‌و رۆژی جەژنی رەمەزان.

٦- غوسڵ کردن لەدوای شتنی مردو لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە فەرموویەتی: « مَنْ غَسَّلَ مَيِّتًا فَلْيَغْتَسِلْ ». کەسێك مردووی شۆرد با دوایی بۆ خۆی غوسڵ بکا.[٢]

٧- غوسڵ کردن بۆ ئیحرام بەستن بەعومرە یان بەحەج، ئەمەیش بەپێی حەدیثی زەیدی کوڕی ثابیت، کە دەگێڕێتەوەو دەڵێ: پێغەمبەرم بینی پۆشاکی خۆی داماڵی بۆ پۆشینی لیباسی ئیحرام‌و غوسڵی کرد.[٣]

---

[١] صحيح الإسناد: (الجنائز/١٣٤)، ن (١/١١٠)، د (٩/٣١/٣١٩٨).

[٢] صحيح: (ص. جه ١١٩٥)، جه (١/٤٧٠/١٤٦٣).

[٣] حسن: (الإرواء: ١٤٩)، ن (١/١٦٣/٨٣١).

٨- غوسڵ کردن بۆ چوونە ناو مەککە، لەئیبنو عومەرەوە ریوایەتکراوە کە هەرکاتێ ویستبیەتی بچێتە ناو مەککەوە شەو لە (ذی طوی) ماوەتەوە تا بەیانی، غوسڵی کردووە ئەمجار بەرۆژ چۆتە ناو مەککەوە. واشی لەیادە: کە پێغەمبەریش وای کردووە.[1]

لابردنی بێ دەستنوێژیو لەشگرانی بە گڵو خۆڵی پاك مەشروعیەتی تەیەموم

پەروەردگار دەفەرموێ: {وَإِن كُنتُم مَّرْضَى أَوْ عَلَى سَفَرٍ أَوْ جَاء أَحَدٌ مَّنكُم مِّنَ الْغَائِطِ أَوْ لاَمَسْتُمُ النِّسَاء فَلَمْ تَجِدُواْ مَاء فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا فَامْسَحُواْ بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُم – المائدة/٦}: ئەگەر وارێکەوت ئێوە نەخۆش بوون یان لەسەفەردا بوون، یان یەکێ لەئێوە لە ئاودەستخانەوە دەگەڕایەوە خۆی خاڵی کردبوەوە، یان دەستان لەئافرەت دابوو ئاوتان دەست نەکەوت دەستنوێژ بگرن یان غوسڵ بکەن، ئەوە پەنا بەرنە بەر گڵو خۆڵێکی پاك ڕوخسارو دەستو بازوی خۆتانی پێ مەسح بکەن پێغەمبەریش (درودی خودای لەسەر بێ) دەفەرموێ: «إِنَّ الصَّعِيدَ الطَّيِّبَ طَهُورُ الْمُسْلِمِ وَإِنْ لَمْ يَجِدِ الْمَاءَ عَشْرَ سِنِينَ».[2] بێگومان گڵو خۆڵی پاك لابەری بێ دەستنوێژیو لەشگرانی موسوڵمانە، تەنانەت ئەگەر دە ساڵیش ئاوی دەست نەکەوێ.

---

[1] متفق عليه: م (١٢٥٩ – ٢٢٧ – ٢/٩١٩) وهذا لفظه. خ (٣/٤٣٥/١٥٧٣)، د (١٨٤٨/٥/٣١٨)، ت (٢/١٧٢/٨٥٤).

[2] صحيح: (ص. د ٣٢٢)، ت (١/٨١/١٢٤)، د (١/٥٢٨/٣٢٩)، ن (١/١٧١) بالفاظه متقارين.

ئەو هۆکارانەی دەبنە مایەی ڕەوابوونی تەیەموم

تەیەموم کردن‌و بەکارهێنانی گڵ‌و خۆڵی پاك دروستە کاتێك نەتواندرێ ئاو بەکاربهێندرێ، جا یان لەبەر نەبوونی ئاو، یان ترسی هەبوونی زیان لە بەکارهێنانی لەبەر هەبوونی نەخۆشی بەجەستەوە یان سەرمای زۆر.

لەعیمرانی کوڕی حوصەینەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: لەخزمەت پێغەمبەردا بووین (دروودی خودای لەسەر بێ) لەسەفەرێکدا، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نوێژی بەخەڵکەکە کرد، ڕوانی پیاوێك کەنارگیر بووە، پێی فەرموو: ئەوە بۆ نوێژت لەگەڵ ئێمە نەکرد؟ وتی قوربان لەشم گرانەو ئاویش نیە غوسڵ بکەم، پێی فەرموو: «عَلَيْكَ بِالصَّعِيدِ ، فَإِنَّهُ يَكْفِيكَ». [1] بچۆ بەگڵی پاك تەیەموم بکە، ئەوە کیفایەتە بۆ تۆ.

لەجابیرەوە (ڕەزای خودای لێ بێ) دەڵێ لەسەفەرێکدا بووین، یەکێك لەئێمە بەردێك بەر سەری کەوت‌و بریندار بوو، پاشان ئیحتیلامی بوو، پرسیاری لەهاوەڵان کرد ئاخۆ ڕوخصەتی تەیەموم کردنی هەیە؟ هاوەڵان وتیان ناوەڵڵا هیچ ڕوخصەتێك نابینین بۆت لەحاڵێکدا تۆ دەتوانی ئاو بەکار بهێنی ئەوە بوو غوسڵی کردو مرد، جا گەڕاینەوە چوینە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ڕوداوەکەی بۆ گێڕدرایەوە، فەرمووی: «قَتَلُوهُ قَتَلَهُمُ اللَّهُ أَلاَّ سَأَلُوا إِذْ لَمْ يَعْلَمُوا فَإِنَّمَا شِفَاءُ الْعِيِّ السُّؤَالُ إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيهِ أَنْ يَتَيَمَّمَ». [2] کوشتویانە، خودا بیانکوژێ، ئەگەر بۆخۆیان شارەزا نەبوون بۆ پرسیاریان لە زانایان نەکرد، خۆ دەرمانی نەزانی پرسیار کردنە، ئەو کابرایە غوسڵ کردنی بەئاو لەسەر نەبوو هەر ئەوەندەی بەس بوو تەیەموم بکا.

---

[1] متفق عليه: خ (١/٤٧٧/٣٤٤)، م (١/٤٧٤/٦٨٢)، ن (١/١٧١).

[2] متفق عليه: خ (١/٤٧٧/٣٤٤)، م (١/٤٧٤/٦٨٢)، ن (١/١٧١).

له عەمری کوڕی (ألعاص)ەوە ریوایەت کراوە: کە کاتێك نێردراوە بۆ غەزای (ذات السلاسل) دەڵێ: لەشەوێکی زۆر ساردو سەرمادا ئیحتیلامم بوو، ترسام ئەگەر بەئاو غوسڵ بکەم بەهیلاك بچم، تەیەمومم کردو پاشان پێشنوێژی نوێژی بەیانیم بۆ هاوەڵان کرد، کە گەڕاینەوە مەدینە ئەو حاڵەی منیان بۆ پێغەمبەر باس کرد. پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « يَا عَمْرُو صَلَّيْتَ بِأَصْحَابِكَ وَأَنْتَ جُنُبٌ ». ئەی عەمر ئەوە بە لەشگرانی نوێژت بەهاوەڵانت کردووە؟ عەمر دەڵێ: عەرزم کرد: من یادی فەرمایشتی پەروەردگارم کردەوە کە دەفەرموێ: (وَلاَ تَقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا). بۆیە تەیەمومم کردو پاشان نوێژم کرد، ئیتر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پێکەنیو هیچی نەفەرموو.[1]

* ماناى {الصعيد} كە لە ئايەتەكەدا هاتووە چييە؟

لەکتێبی (لسان العرب)دا[2] دەڵێ: (الصعيد) بە مانا زەویە. گوتراویشە بە مانا زەوی پاکە. هەروا گوتراوە بەمانا هەموو گڵو خۆڵێکی خاوێنە. لە قورئاندا هاتووە «فَتَيَمَّمُوا صَعِيدًا طَيِّبًا». ئەبو ئیسحاق وتویەتی: (الصعيد) بەمانا روی زەویە، هەر ئەوەندە پێویستە مرۆڤ دەستی بەزەویدا ماڵی، گوێ نەداتە ئەوەی ئاخۆ شوێنەکە گڵو خۆڵی لێیە یان نا، چونکە (صعيد) بەمانا گڵو خۆڵ نیە، بەڵکوو مەبەست روی زەویە، جا گڵو خۆڵ بێ یان شتی تر بێ تەنانەت وتویەتی: ئەگەر زەویەك هەمووی بەردو شاخ بێو گڵی لەسەر نەبێ، تەیەمومکەر دوو دەستی بەو بەردو شاخەدا بماڵێو ڕوخسارو دەستو بازوی خۆی پێ مەسح بکا ئەوە بۆی دەبێتە پاکەوەکەر (طەهور).

---

[1] صحيح: (ص. د ٣٢٣)، د (٣٣٠/١/٥٣٠)، حم (٢/١٩١/١٦)، ك (١/١٧٧).

[2] ج ٣/٢٥٤.

چۆنیەتی تەیەموم

لەعەمماری کوڕی یاسرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: ئیحتیلامم بوو، ئاوم دەست نەکەوت، خۆم لەگڵو خۆڵدا گەوزاندو پاشان نوێژم کرد دوایی ئەو ڕەفتارەی خۆم بۆ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) باس کرد، فەرمووی: ئەوەندەت بەس بوو ئاوات بکردایە، لەپێش چاوی خۆم پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) هەردوو دەستی بەزەویداماڵین‌و فوی لێ کردن‌و ڕوخسارو دوو دەستی خۆی پی مەسح کردن.[1]

فائیدەیەک: قاعیدەو بنەما لە تەیەمومدا ئەومیە تەیەمموم لە شوێنی دەستنوێژە، ئەوەی بە دەستنوێژ حەڵاڵ دەبێ، بەتەیەمومیش حەڵاڵ دەبێ، پێش هاتنی کات تەیەموم کردن دروستە وەکوو چۆن دەستنوێژگرتن دروستە، دەتوانێ بەیەك تەیەموم چەندێکی بوێ نوێژ بکا، وەکوو چۆن بەیەك دەستنوێژ دەتوانێ چەندێك بتوانێ نوێژ بکا.

ئەو شتانەی تەیەموم پوچ دەکەنەوە

هەر شتێك دەستنوێژ بەتاڵ بکاتەوە تەیەمومیش پوچ دەکاتەوە، هەروا دەستەبەربوونی ئاو بۆ کەسێك لەبەر بێ ئاوی تەیەمومی کردبێ، یان توانای بەکارهێنانی ئاو بۆ کەسێك لەبەر نەتوانین‌و زیان پێ گەیشتن، ئاوی بەکارنەهێنابێ‌و تەیەمومی کردبێ، ئەمانەیش تەیەموم بەتاڵ دەکەنەوە، ئەگەر کەسێك لەناو نوێژدا بووئەم عوزرانەی نەمان، ئەوە با درێژە بەنوێژەکەی بداو نوێژەکەی صەحیحەو پێویست بەگێڕانەوە ناکا.

لە ئەبو سەعیدی (الخدری)یەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: دوو پیاو بەسەفەرێك لەماڵ دەرچوون، کاتی نوێژیان لێ هات‌و ئاویان دەست نەکەوت،

---

[1] متفق علیه: خ (١/٤٥٥/٣٤٧)، م (١/٢٨٠/٣٦٨)، د (١/٥١٤/٣١٧)، ن (١/١٦٦).

بەزەوییەکی پاك تەیەمومیان کردو نوێژیان کرد. پاشان هێشتا کاتی نوێژەکە تێنەپەڕی بوو ئاویان دەست کەوت، یەکێکیان دەستنوێژی گرتو نوێژەکەی ئیعادە کردەوە ئەوەی تریان نە دەستنوێژی گرتەوەو نە نوێژەکەی گێڕایەوە، پاشان کە گەڕانەوە هاتنە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ئەومیان بۆ باس کرد، بە ئەوەیانی فەرموو کە نوێژەکەی ئیعادە نەکردبووەوە « أَصَبْتَ السُّنَّةَ وَأَجْزَأَتْكَ صَلاَتُكَ ». ئەتۆ کارەکەت موافیقی سوننەتی منەو نوێژەکەت دروست بووە، کارەکەت موافیقی شەریعەتە. بەوەشیانی فەرموو: کە دەستنوێژی گرتبووەوە نوێژەکەی گێڕابووەوە « لَكَ الأَجْرُ مَرَّتَيْنِ ». ئەتۆ دوو پاداشتت هەیە.

فائیدەیەك: کەسێك برینێکی پێوە بوو پێچابووی، یان شوێنێکی شکا بوو هەڵی بەستبووەوە، ئەوە شتنی ئەو شوێنەی لەسەر نیە، پێویست ناکا نە مەسحی لەسەر بکا، نە تەیەمومی بۆ بکا.

سەربەڵگەی ئەم حوکمە فەرمایشتی پەروەردگارە: کە دەفەرموێ: {لاَ يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا - البقرة/٢٨٦}. هەروا فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ). «وَإِذَا أَمَرْتُكُمْ بِأَمْرٍ فَأْتُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ».[1] هەرکاتێ فەرمانم پێ کردن بەکارێك بەپێی توانای خۆتان بیکەن، چەندێك دەتوانن ئەوەندەی لێ جێبەجێ بکەن، ئەوەتا بەگوێرەی قورئانو سوننەت هەرشتێك لەتوانادا نەبێ لابراوەو حوکمەکەی لاچووە. بەگوێرەی شەرع دەبێ تەعویضی بکاتەوە، شەرعیش بەقورئانو سوننەت نەبێ شت پێویست ناکا، ئاشکراشە نە لەقورئانداو نە لەسوننەتدا ئاماژەیەك نیە بۆ تەعویضو

[1] صحيح: (مختصر م ٦٣٩)، م (٢/٩٧٥/١٣٣٧)، ن (٥/١١٠).

بارتەقای مەسح لەسەر شكاویو برینێك كە نەتوانداریێ بشۆریێ، كەوابوو قسەی ئەوە كە مەسح لەسەر برینو شكاوی دەبیێ بكریێ رەتدەكرێتەوە.[1]

دروستە تەیەمموم بەدیوار بكریێ[2]

لەئیبنو عەبباسەوە ریوایەتكراوە دەفەرمویێ: منو عەبدوڵڵای كوڕی یەسار؛ (مەولای مەیمونەی خێزانی پێغەمبەر، دروودی خودای لەسەر بیێ) چووینە لای ئەبو جوهەیمی كوڕی (الحارث)ی كوڕی (الصمة)ی ئەنصاری، ئەبو جوهەیم وتی: پێغەمبەر لەلای (بیئری جەمەلەوە)[3] دەهاتەوە. پیاوێك توشی بوو سڵاوی لێ كرد، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بیێ) وەڵامی سڵاوەكەی نەدایەوە، هەتا روی كردە دیوارێك مەسحی دەمو چاوو دەستو باسكی خۆی پیێ كرد، پاشان وەڵامی سڵاوی كابرای دایەوە.[4]

حوكمەكانی خوێنی عادەی مانگانەو خوێنی پاش منداڵبوون

خوێنی عادەی مانگانە (حیض): خوێنێكە لای ئافرەتان ناسراوو ئاشكرایە، لە شەرعدا ئەندازەیەك نیە بۆ زۆریو كەمی بەڵكوو ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ عادەت.

خوێنی پاش منداڵبوون (النفاس) ئەو خوێنەیە بەهۆی منداڵبوونەوە دێتە دەرەوە. زۆریەكەی چل ڕۆژە.

لە ئەممو سەلەمەوە (رەزای خودای لیێ بیێ) ڕیوایەتكراوە، دەڵیێ: ئافرەتە زەیستانەكان لەڕۆژگاری پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بیێ) چل ڕۆژ

---

[1] المحلى لإبن حزم ج٢/٧٤.

[2] دیوارەكە گڵ بیێ یان بەرد بیێ، بۆیە كرابیێ یان نا.

[3] شوێنێكە نزیك مەدینە.

[4] متفق عليه: خ (١/٤٤١/٣٣٧)، م (١/٢٨١/٣٦٩) معلقا، د (١/٥٢١/٣٢٥)، ن (١/١٦٥).

دادەنیشتن واتە: نە نوێژو نە ڕۆژو نە سەرجێی ژن‌و مێردییان ئەنجام نەدەدا.[١]

هەرکاتێك ئافرەتە زەیستانەکە بینی پاکبۆتەوە پێش تەواوبوونی چل ڕۆژەکە، ئەوە غوسڵ دەکاو پاك دەبێتەوە، ئەگەر دوای غوسڵ کردنەکەو دوای تێپەڕبوونی چل ڕۆژەکە خوێنی بینی ئەوە بەتەواوبوونی چل ڕۆژەکە غوسڵ دەکاو پاك دەبێتەوە. ئەو خوێنەی دەیبینی بەخوێنی زەیستان (نفاس) ناژمێردرێ.

ئەوەی لەسەر ئافرەتی حائیض‌و زەیستان حەرامە

هەرکارێك بۆ بێ دەستنوێژ دروست نەبێ بۆ حائیض‌و زەیستانیش حەرامە، زیاد لەو شتانەیش ئەمانەشی لەسەر حەرامن.

١- ڕۆژوو گرتنی لێ حەرامە، کاتێك پاکبۆوە ڕۆژوەکانی دەگرێتەوە.

موعاذە: دەگێڕێتەوە دەڵێ: پرسیارم لەخاتو عائیشە کرد وتم: ئەوە بۆ ئافرەت کە دەکەوێتە عادەی مانگانەوە نوێژ ناکاو ڕۆژوو ناگرێ: کە پاکبۆوە دەبێ ڕۆژوەکانی بگرێتەوە، کەچی نوێژەکانی ناگێڕێتەوە؟ لەوەڵامدا فەرمووی: یەکێك لەئێمەی ئافرەت لەگەڵ پێغەمبەردا دەبوین‌و دەکەوتینە عادەی مانگانەوە، فەرمانمان پێ دەکرا ڕۆژو بگرینەوە، بەڵام فەرمانمان پێ نەدەکرا بەگێڕانەوەی نوێژەکانمان.[٢]

٢- جوتبوون سەرجێی کردن، ئاماژە بە فەرمایشتی پەروەردگار کە دەفەرموێ: {وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُواْ النِّسَاء فِي الْمَحِيضِ

---

[١] حسن صحيح: (ص. جه ٥٣٠)، د (١/٥٠١/٣٠٧)، ت (١/٩٢/١٣٩)، جه (١/٢١٣/٦٤٨).

[٢] متفق عليه: م (١/٢٦٥/٣٣٥) وهذا لفظه، خ (١/٤٢١/٣٢١)، ت (١/٨٧/١٣٠)، د (٢٥٩/١/٤٤٤)، جه (١/٢٠٧/٦٣١).

وَلاَ تَقْرَبُـوهُنَّ حَتَّـىَ يَطْهُـرْنَ فَـإِذَا تَطَهَّـرْنَ فَـأْتُوهُنَّ مِـنْ حَيْـثُ أَمَـرَكُمُ اللّـهُ – البقرة/٢٢٢}. پرسيارت لىٚ دەكەن ئـەى پێغەمبـەر! دەربـارەى خوێنى عـادەى مانگانەى ئافرەت، بلىٚ: ئەوە خوينێكى سورشـتىـيـەو ئەزيـەتو نەخۆشـييەكە توشـى ئـافرەت دەبـىٚ، لـەماوەى هـەبوونى ئـەو حالەتـەدا خۆتـان لـەئافرەت كەنارگير بكەنو لێيان نزيك مەبنەوە، كە لەو خوێنە پـاك بوونـەوە، دەتـوانن بچنە لايانو سەرجێيان لەگەڵدا بكەن بەو شێوەى خودا فەرمانى پىٚ كردوون. هەروەها ئامـاژە بـە فـەرموودەى پێغەمبـەر (دروودى خـوداى لەسـەر بـىٚ) كـە دەفەرموىٚ: « اصْنَعُوا كُـلَّ شَـيْءٍ إِلاَّ النِّكَـاحَ ».[1] ئەوكاتـەى ئـافرەت لـەعادەى مانگانـەى دايـە بـۆ مێردەكـەى ڕەوايـە هـەموو شـتێكى لەگەڵـدا بكـا جگـە لەجوتبوون. واتە: لـەكاتى بێنوێـژى ئافرەتـدا هـەموو شـتێكيان لەگـەڵ بكـەن جگە لەجوتبوون.

حوكمى كەسێك چووەلاى ئافرەتى بێنوێژو تێكەوتوو لەعادەى مانگانە

ئيمـامى نـەوەوى دەفـەرموىٚ: ئەگـەر موسـوڵمانێك پێـى وابـوو جوتبـوون لەگەڵ ژنـى لـەعادەى مانگانەكـەوتوو (حـائض) لەپێـشەوەرا حەڵاڵـە بـەكافرو لـەئاين هەڵگـەڕاوە حـسێب دەكرىٚ. ئەگـەر پياوێـك لـەكاتى عـادەى مانگانـەدا چووە لاى خێزانەكەى پێـى وانـەبوو حەڵاڵـە، جـا يـان لـەبيرى چوبوەوە، يـان نەيدەزانى خێزانەكەى لەوحاڵەدايە، يـان نـەيـدەزانى حەرامـە، يـان زۆريـان لىٚ كـرد ئـەو كـارە بكـاو ناچـاريان كـرد، ئـەوە گونـاهى ناگاتـىٚو كـەفارەتو قەرەبووشى لەسەر نيە، ئەگەر بە ئەنقەست لەگەڵ ژنەكەى جوتبوو، دەيزانى ژنەكـە لـەعادەى مانگانەدايـەو حەراميـشە، كەسـيش زۆرى لىٚ نـەكردبوو

---

[1] صـــحيح: (ص. جـــه ٥٣٧)، م (١/٢٤٦/٣٠٢)، د (١/٤٣٩/٢٥٥)، ت (٤/٢٨٢/٤٠٦٠)، جـــه (٦٤٤/١/٢١١)، ن (١/١٥٢).

بەویستو ئیختیاری خۆی ئەوکارەی کرد، ئەوە بێگومان تاوانی گەورەی ئەنجام داوە.

ئیمامی شافیعی فەرموویەتی ئەو کارە گوناهی کەبیرەیەو واجبە لەسەری تۆبە بکا، ئەمجار ئاخۆ کەفارەتی لەسەر یان نا؟

ئەوەوی دەڵێ: من دەڵێم رای پەسەند ئەوەیە کەفارەتی لەسەرە کە کەفارەت بدا[1] ئەمەیش بەپێی ئەو حەدیثەی ئیبنو عەبباس لە پێغەمبەرەوە (دروودی خودای لەسەر بێ) ریوایەتی کردووە کە دەربارەی کەسێك بچێتە لای خێزانی لەعادەی مانگانەدا فەرموویەتی: « يَتَصَدَّقُ بِدِينَارٍ أَوْ نِصْفِ دِينَارٍ».[2] لەپای ئەو تاوانە دینارێك یان نیو دینار دەکا بەخێر.

ئەو تەخیرییەی لەحەدیثەکەدا چەسپاوە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی نێوان چوونە لای لەسەرەتای هاتنی خوێنەکەو کۆتای عادەکە لەبەر ئەو فەرموودەیەی ئیبنو عەبباس بە مەوقوفی ریوایەتی کردووە: کە دەڵێ: (ان أصابها في فور الدم تصدق بدينار وإن كان في آخره فنصف دينار)[3].

حاڵەتی هەمیشە خوێنی (الإستحاضة)

ئیستیحاضە: جۆرە خوێنێکە کە غەیری کاتی هاتنە دەرەوەی خوێنی عادەی مانگانەو خوێنی دوا منداڵبوون دێتە دەر، یان یەکسەر دوای ئەوان دێتە دەر، جا ئەگەر حاڵەتی یەکەم بوو ئەوە ئاشکراو دیارەو لێك جیادەکرێنەوە. ئەگەر حاڵەتی دووەم بوو، ئەوە تێدەفکرین. ئەگەر

---

[1] شرح النووي على مسلم ج٣/٢٠٤.

[2] صحيح (ص. جـه ٥٢٧)، م (١/٢٤٦/٣٠٢)، د (١/٤٣٩/٢٥٥)، ت (٤/٢٨٢/٤٠٦٠)، جـه (٦٤٤/١/٢١١)، ن (١/١٥٢).

[3] صحيح موقوف (ص. د ٢٣٨)، د (١/٢٤٩/٢٦٢).

ئافرەتەکە (معتادة) بوو واتە: عادەی مانگانەی ڕێك‌و پێك‌و زاندراو بوو، ئەوە چی لە عادەی مانگانەی زیادبێ، بەخوێنی ئیستیحاضە (هەمیشە خوێن) دادەندرێ. ئاماژە بە فەرمایشتی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ): کە بە ئوممو حەبیبەی فەرموو: « امْكُثِي قَدْرَ مَا كَانَتْ تَحْبِسُكِ حَيْضَتُكِ ثُمَّ اغْتَسِلِي وَصَلِّي». [1] بەئەندازەی ماوەی عادەی مانگانەی خۆت خۆت بگرەو، پاشان غوسڵ بکەو نوێژ بەجێ بێنە.

ئەگەر ئافرەتە خوێن بەربووەکە جوداوازی نێوان دوو خوێنەکەی بۆدەکرا، ئەوە خوێنی حەیزەکە، خوێنێکی گەش‌و ڕەش‌و ناسراوە، ئافرەت بۆخۆیان باش دەیناسن. ئەگەر وانەبوو ئەو خوێنی ئیستیحاضەو هەمیشە خوێنە. ئاماژە بە فەرمودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ): کە ئاراستەی فاطیمەی کچی ئەبو حوبەیشی کرد فەرمووی: (اذا كان دم الحيض فأنه أسود معروف فأمسكي عن الصلاة، فإذا كان الآخر فتوضئ فإنما هو عرق). [2] ئەگەر خوێنەکە خوێنی حەیز بوو ئەوە خوێنێکی گەش‌و ڕەش‌و ناسراوە، لەو ماوەدا واز لەنوێژ کردن بێنە، ئەگەر خوێنەکە ڕەنگی بەو جۆرە نەبوو، ئەوە دەستنوێژ بگرەو نوێژ بکە چونکە ئەو خوێنی حەیز نیە.

ئەگەر ئافرەتەکە بە حاڵەتی هەمیشە خوێنی‌و خوێن بەربوویی ڕەسیدە بوو، نەیدەتوانی جوداوازی بخاتە نێوان خوێنەکان‌و بۆی لێك نەدەکرانەوە ئەوە بەگوێرەی ئافرەتی خزم‌و هاو نیشتمانی خۆی حیسابی بۆ دەکرێ.

---

[1] صحيح: (الإرواء/٢٠٢)، م(٣٣٤-٦٥-١/٢٦٤).

[2] صحيح: (الإرواء/٢٠٤)، ن(١/١٨٥)، د(٢٨٣/١/٤٧٠).

ئاماژە بە فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ): کە بە حەمنەی کچی جەحشی فەرموو: « إِنَّمَا هَذِهِ رَكْضَةٌ مِنْ رَكَضَاتِ الشَّيْطَانِ فَتَحَيَّضِي سِتَّةَ أَيَّامٍ أَوْ سَبْعَةَ أَيَّامٍ فِي عِلْمِ اللَّهِ ثُمَّ اغْتَسِلِي حَتَّى إِذَا رَأَيْتِ أَنَّكِ قَدْ طَهُرْتِ وَاسْتَنْقَأْتِ فَصَلِّي ثَلَاثًا وَعِشْرِينَ لَيْلَةً أَوْ أَرْبَعًا وَعِشْرِينَ لَيْلَةً وَأَيَّامَهَا وَصُومِي فَإِنَّ ذَلِكَ يُجْزِئُكِ وَكَذَلِكَ فَافْعَلِي فِي كُلِّ شَهْرٍ كَمَا تَحِيضُ النِّسَاءُ وَكَمَا يَطْهُرْنَ مِيقَاتَ حَيْضِهِنَّ وَطُهْرِهِنَّ».[1] ئەوە سەر لێ شێواندنێکی شەیتانە، وای لێ دەکا نەزانێ کامە خوێنی حەیزەو کامە خوێنی (ئیستیحاضە)یە، بە حەمنەی فەرموو: شەش ڕۆژ یان حەوت ڕۆژ خۆت بەبێ نوێژ دابنێ، باش ورد بەرەوە لەحاڵی ئافرەتی بێ نوێژ لەخزمو کەسو کارو هاوتەمەنی خۆت، بۆئەوەی پەی بەری بە ماوەی بێنوێژی ڕاستەقینەی خۆت بەقیاس بۆسەر عادەی مانگانەی ئەوان، دەق وەکوو ئەو ماوەیەی لەزانستی خودادا هەیە. پاشان خۆت پاك بشۆرەو بیستو سێ شەو بەڕۆژەکانیەوە یان بیستو چوار شەو بەڕۆژەکانیەوە نوێژی خۆت بکەو ڕۆژوی خۆت بگرە.


ئیتر ئەمەت بەسە، هەموو مانگێك بەم شێوە عادەی مانگانەت بڕیاربدە، ماوەی بێنوێژی خۆت بەرامبەر بکە بەماوەی بێ نوێژی ژنانی تر لە خزمو هاوتەمەنانت، ماوەی پاکیو بێ نوێژی خۆت بە (قیاس) بۆسەر حاڵی ئەوان دیاری بکە.

ئەو حوکمانەی تایبەتن بە ئافرەتی هەمیشە بێنوێژ (مستحاضة)

هیچ شتێ لەوانەی لەسەر ئافرەتی حەیزدار حەرام دەبێ، لەسەر ئافرەتی هەمیشە بێ نوێژ حەرام نابێ، وەڵێ ئەوەندە هەیە پێویستە ئافرەتی موستەحاضە بۆ هەموو نوێژێك دەستنوێژ بگرێ. بە پێی فەرموودەی

---

[1] حسن: (الإرواء/٢٠٥)، د(٢٨٤/١/٤٧٥)، ت(١٢٨).



پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ): کە ئاڕاستەی فاطیمەی کچی ئەبو حوبەیشی کرد؛ پێی فەرموو: « ثُمَّ تَوَضَّئِي لِكُلِّ صَلاَةٍ». [1] واتە: ئەمجار دەستنوێژ بگرە بۆ هەموو نوێژێك. سوننەتە بۆ ئافرەتی هەمیشە بێنوێژ بۆ هەموو نوێژێك غوسڵ بكا، وەكوو لەوەپێش لەباسی غوسڵە سوننەتەكاندا تێپەڕی.

كتاب الصلاة

باسی نوێژ

وشەی (صلاة) لە زماندا بەمانا نزاو پاڕانەوەیە بەخێر قورئان